# هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاٚوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاٚوکردنەوەی سلێمانی






بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون

ناڵە حەسەن

**سلێمانی**

**٢٠١١**

## هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون


- نووسەر: ناڵە حەسەن
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: سۆران عوسمان
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: رووپاک مەحمود
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: A٤ ½
- ژمارەی لاپەڕە: ١٢٠
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٨٠)
- تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە
- چاپ: چاپخانەی بینایی
- نرخ: ( ١٥٠٠ ) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٨٦٣)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

# شیزۆفرینیا و هونەر

**لە ئینگلیزییەوە**

شیزۆفرینیا شێوە و جۆری جیاواز دەگرێتە خۆ وەك: (بە شێوەیەكی كوشندە بێدەربەست و بێباك، یان توندوتیژ و هەڵچوون و بە ڕووداشاخان، یان بینینی شێوە و دەنگی نامۆ كە لە ڕاستیدا بنەمایەكیان نیە.!) هونەرمەندە شیزۆفرینیاییەكان، لەنێو تابلۆكانیاندا، ئەم خەیاڵە ئازاربەخشانەی خۆیان



دەخەنە ڕوو. لە دەرەوەی تواناكانی خۆیان، پێویستی خۆیان دەكەونە ژێر ڕكێفی خەیاڵ و فەنتازیایەكی سەیر و سەمەرە و ئاڵۆز، بە شێوەیەكی توند و تیژ هەڕەشە لە دونیای دەرەوەی خۆیان دەكەن.! بەڵام، بێئاگا لە خۆیان زۆر بە سادەییەوە دەكەونە ژێر كاریگەرییەكانی دەرەوە. لەگەڵ خەونی ناخۆش و



دونیای خەیاڵئامێزیی ترسناك و نارێك و شێواو. ئەم بارە دەروونیە یان، ئاڵۆزییەك و شێواوییەك بە هونەرەكەیان دەبەخشێت. كاتێك هونەرمەندێكی دەروون نەخۆش تابلۆكانی دەكێشێت، هەوڵ دەدات سكێچ و شێوازی نامۆ و دێو و درنجەكان بكێشێت. ئەم خەیاڵە نامۆ و ترسناكانە تەواوی بیر و هۆشیان داگیر دەكات. بە شێوەیەكی چەپێندراوی لە ناوەوەیان دەمێنێتەوە. لە كاتی نیگاركێشاندا، بە شێوەیەكی ئاڵۆز و شاراوە بە هێمای سەیر و جیاواز دەریان دەبڕێت. یان بە ڕەنگی نامۆ و جیاواز، هەندێكجاریش وێنەی دەنگەكان دەكێشن. كاتێك تابلۆكانیان تەواو دەبێت، هەمیشە ئەو ترس و نیگەرانیانەشیان هەیە كە تابلۆكانیان تەواوی مەبەست و ئاكامەكانیان ناپێكێت، بەڵام لە ڕاستیدا جوانترین و گەورەترین كاری هونەرییان نەخشاندووە.!

زۆرجاران ئەم خەیاڵانە بەوە دەردەبڕن كە شێواز و فیگەرەكانی نێو تابلۆكانیان دەشێوێنن، یان شێوە و جەستەی مرۆڤ بە شێوەیەك دەكێشن، وەك مرۆڤی سەرەتایی و مرۆڤی نێو ئەشكەوتەكان



بە شێوەیەك سەرنجڕاكێش بەرچاویان دەخەن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی و ترسناكیی بە تابلۆكانیان ببەخشن. فرۆید لەم بارەیەوە دەڵێت: " هونەرمەندان دونیای خەیاڵ و فەنتازیا دادەهێنن، بۆ دەربڕینی هەرا و ژاوەژاوێك كە لە ناوەوەیاندا هەیە،

بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان و وەڵامدانەوە بە ڕاستیی دونیای دەرەوەی خۆیان". کاتێك دیواری زیندان و شێتخانە و نێوەندەکانی چارەسەرکردنی دەروونیی بەجۆرە تابلۆ و وێنانە دادەپۆشن، تەنیا بۆ ئەوە نییە کە پزیشکە دەروونناسەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و گرفتەکانی نەخۆشەکانیان و نزیکبوونەوە لێیان، بەڵکو بە شێوەیەکی کاریگەرانە بارە دەروونییەکان و هەڵچوون و ڕوانینە نامۆکانی نەخۆشییە دەروونییەکان لەنێودا دەبیننەوە.! کە ئەمەش کۆششێك و خزمەتێکی زۆر بە زانستی دەروونناسیی دەکات و زۆر شتی تازە لێیانە فێر دەبن.! هونەرمەندی دەروون نەخۆش زۆر ساکارانە دەکەونە ژێر کاریگەریی هەستە چەپێنراوەکان و بارە نەستییەکانیان و ئەم وێنانە دەکێشن. ئەم ئاڵۆزیی و ترسناکییەی لەنێو تابلۆکانیان دەبیندرێن، ئەوە ئەم خەیاڵە دێوزمانەیە لەنێو قووڵایی مێشکیاندا هەیە و مێشکیان بەجۆرە خەیاڵانە دەورە دراوە.!

## هێماکانی نێو کەللەسەرێك

هێرۆنیمس بۆسکس یەکێکە لە نیگارکێشە شیزۆفرینیاییەکان، لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا تابلۆی کەللەسەرێك دەکێشێت، کە بە هێمای جیاواز جیاواز دەینەخشێنێت. تەواوی ژیانی ڕابردووی و ترس و نیگەرانییەکانی خۆی، بە هێمای سەیر و نامۆ لەنێو کەللەسەرەکە دەکێشێت. هونەرمەندێکی کەنەدییە، ژیانی منداڵێتی زۆر سەخت و دژوار و ناخۆش



بووە تا ئاستی دڕندەیی. ئەم ئێش و ئازارانەی ژیانی منداڵێتیی و بە شێوەیەکی بەرچاو لەنێو خەیاڵە ترسناکەکانی ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە: پێی وا دەبێت (گەر پارچە گۆشتێك لە باسکی خۆی بکاتەوە هەست و بیر و خەیاڵی دەگەڕێتەوە باری ئاسایی و چاك دەبێتەوە.!) لە ڕاستیدا وا دەکات. پارچەیەك گۆشت لە باسکی خۆی دەبڕێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە. ئەوکاتە دان بەوەدادەنێت کە باری دەروونیی تەواو نییە و پێویستیی بە چارەسەرکردن هەیە. لە نەخۆشخانەی دەروونیی دەمێنێتەوە لەوێدا، تابلۆیەك بەناوی (Maze) واتە ونبوون دەکێشێت. یەکێك لە گرفتەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە ناتوانێت (بە ئاسانیی قسە بکات و ئێش و ئازار و هەستەکانی خۆی دەربڕێت) کاتێك وێنە دەکێشێت، لەنێو ڕەنگ و هێما و فیگەرەکاندا مەبەست و مانا و ئازارەکانی بە دەردەکەون و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و بە جوانییەکی هونەریی دەبیندرێن. هەر لەنێو تابلۆی (Maze) وێنەی خۆی لەناو کێڵگەیەك کێشاوە لەپاڵ ئەمەدا تەواوی یادگارییەکان و ڕابردووی خۆی وێنە کردووە. ئەم شتانەی کاریگەرییان بە سەریەوە هەبووە لە ژیانی سەختی منداڵێتییەوە تا عەشق و خۆشەویستیی و دەسەڵات و زوڵم و ستەم و هەموو شتێك.! یەك بە یەك هێماکانی بۆ پزیشکەکەی شیدەکردەوە و ڕاڤەی دەکرد.! پزیشکەکەی تێبینیی زۆر ورد و پێویستیی دەستکەوت بۆ چارەسەرکردن و تێگەیشتنی باری دەروونیی سوودی زۆری لەم تابلۆیە بینی. ئەم هونەرمەندە بۆ ماوەیەك لەم نێوەندی چارەسەرکردنە دەمێنێتەوە، پاشان

ئاسایی دەبێتەوە و دێتە دەرەوە ژن دەهێنێت و تا ئێستا لە نیگارکێشان بەردەوامە، بەڵام ئێستا تابلۆکانی کەمتر ئاڵۆز و ترسناکن.!

## میزاجی شێتانە

هەندێك لە هونەرمەند و دەروون نەخۆشەکان، شێوەی میزاجی نائاسایی وەردەگرن، واتە دەمێك تا ئەوپەڕی دڵتەنگ و نیگەران و نامۆ و توندوتیژ، دەمێك تا ئەوپەڕی ئاسایی و ئارام، دڵخۆش و بەختەوەرن.! ئەم شێوازانە بە بەراورد لەگەڵ شیزۆفرینیاوە هیچ پەیوەندییەك و کاریگەرییەکیان بە ڕاستیی ژیانەوە نییە، لە



دونیایەکدا دەژین تەنها خۆیان لەم دونیایە تێدەگەن تەواو نقومی نێو خەیاڵی میزاجین.! بە شێوەیەکی گشتیی هونەرمەندە دەروون نەخۆشەکان ئاسانتر دەتوانن وێنە بکێشن لەوەی تا قسە بکەن.! کاتێك تابلۆکانیان دەکێشن، بە شێوەیەکی قووڵ تەعبیر لە بێئومێدیی و ونبوون و ڕەتکردنەوە و هەستکردن بە تاوان و شەرمکردن، زۆرجاریش ڕەنگی تۆخ و تاریکەکان بەکاردەهێنن، وەك: ڕەش یان ڕەش و سووری تاریك. خۆیان لەنێو تابلۆکاندا، بە مردوویی دەبینن.! هێڵەکان بە شێوەی خەختەتۆکەی



ئاڵۆز و شێواو دەکێشن، یان سەری کەسەکان بە ماسك دادەپۆشن، کە هێمایە بۆ (تێکشکانیی و دڵتەنگیی و نائومێدیی). هەندێکجاریش، تا ئەوپەڕی دڵخۆش و سەرفرازن. مەبەستەکانیان بە شێوەی شاراوە و جیا جیا دەردەبڕن. وەك ئەوە وایە کە توێکڵەکان هەڵدەیتەوە لە ژێرەوە پڕاوپڕ بێت لە هێما و مەبەستیی جۆراوجۆر کە باری دەروونیی و تووڕەیی و یاخیبوون و هەڵشاخان و هەستکردن بە تاوان و تەنیایی دەبیندرێت. ئەم جۆرە تابلۆیانە دەکرێت، وەك پسپۆڕێکی دەروونناس (Therapeutic) سوودمەند بێت بۆ نیگارکێشەکان خۆیان و بۆ خەڵکانی دیکە.! چونکە کاتێك مرۆڤەکان سەیری ئەم تابلۆیانە دەکەن بە ئاسانیی دەتوانن ناخ و خەیاڵەکان و میزاجی خۆیان بخەنە ڕوو.!

## ڤانكوخ و تووڕەیی لە ئیشكردندا

بەگوێرەی كاریگەرێتیی بەرگە نەگرتنی بەدەست شێواویی باری دەروونییەوە، هونەرمەندی بەناوبانگی هۆڵۆندی ڤانكوخ بۆ براكەی دەنووسێت:" لێمگەڕێ با بە تەنیایی خەریكی كارەكانم بم، ئەگەر بۆ تۆ ئەوە دەگەیەنێت، كە وا من شێتم، بە لامەوە گرنگ نییە".



ڤانكوخ لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا دەست بەكاری نیگاركێشان دەكات. لەوساوە تا كۆتایی ژیانی نزیكەی ١٠ ساڵێك خەریكیی نیگاركێشی دەبێت. لەوودەمەدا لە كەنار شارێكی گەورە لە ئاپارتمانێكی بچكۆڵانەدا دەژی. میزاجی بە بەردەوامیی دەگۆڕێت، لە بەرزترین لووتكەی نائومێدییەوە بۆ بەرزترین لوتكەی ئاسایی و باوەڕ بەخۆبوون و دڵخۆش بوونەوە. دەتوانین ناو لە ئیشەكانی بنێین (تووڕەیی لە ئیشكردندا) یان (ترس و نیگەرانیی و شێتیی) لەوودەمەدا چەند ڕۆژێك یان هەفتەیەك دەبوو باری دەروونیی ئاڵۆز ببوو، شێت ببوو... بە دەست نەخۆشی دەروونییەوە وەك دیل ئازاری دەبینی و بە دەستییەوە دەینالاند، لەنێوان ئەم كاتانەی دەگەڕایەوە باری ئاسایی ئیشەكانی زۆر ڕۆمانسییانە و ناسك بوون، بە گوێرەی تابلۆكانی و نامەكانی و ژیاننامەی، ئەوە دەبیندرێت كە وا ڤانكوخ، بە دەست نەخۆشی دەروونییەوە گیرۆدە و گرفتار



بووە. بەڵام بە ڕۆشنیش هەموو شتێك نەزاندراوە. جارێكیان لە ناوەڕاستی گفتوگۆدا لەگەڵ هونەرمەندی فەڕەنسیی " پۆول گۆگان " تووڕە دەبێت و پەرداخەكەی دەستی بە ڕوویدا دەهاوێت، پۆول گۆگانیش دەیباتەوە ماڵەوە لەسەر جێگاكەی خۆی دایدەنێت. بۆ شەوی دواتر ڤانكوخ لە ژوورەكەی دێتە دەرەوە و گوێزانێكی بە دەستەوەیە و بەرەو ڕووی گۆگان دێت، پاشان شەرمەزارانە دەگەڕێتەوە ژوورەكەی، لەناو لە ئەم ڕەفتارانەی دا زۆر هەست بە شەرم و تاوان دەكات. لە ژوورەوە پارچەیەك لە گوێی خۆی دەبڕێت. ڤانكوخ لە كاتی سەرەمەرگیدا دەنووسێت: "من لە پێناو ئیشەكانمدا ژیانی خۆم خستە مەترسییەوە، بەڵام لە ئاكامدا سەرنەكەوتم و تێكشكام".

## كۆتایی ڤانكوخ

ڤانكوخ لە كۆتایی ساڵەكانی ژیانیدا. هەوڵ دەدات خۆی بپارێزێت لە دەست شێتیی و ئەم بارە دەروونییەیدا دەنووسێت: "ئیشەكانم مێشكمیان سەرسام كردووە و پێویستە من ئەم سەرسامیانەم هەبێت". بێگومان ڤانكوخ توانایەكی هونەریی لە ڕادەبەدەری هەبوو، هەوڵی دەدا خۆی بە ئیشەكانی سەرقاڵ بكات، زۆرجاران بۆ ئەم مەبەستە وێنەكانی دەكێشا. ڤانكوخ ستایلێكی بێ هاوتای بەكاردەهێنا، بێئەندازە توانای هونەریی و بلیمەتیی خۆی پیشان دەدات، شێواویی و ئاڵۆزیی دەروونیی تا ئاستی زێدەڕۆیی دەبیندرێت. لە هەمانكاتیشدا هەموو كەسێك دەتوانێت لە مەبەستەكانی

تێبگات زۆرنین ئەم هونەرمەندە دەروون نەخۆشانەی بەم شێوەیە کاردەکەن و ئەم توانایەیان هەیە. هونەرمەندی ئیسپانیی فرانسیس گۆیا نموونەیەکی لەم بابەتەیە لە ماڵەوە دیوارەکانی ژوورەکەی خۆی بە وێنەکانی (جنۆکە و ڤامپایەر و جادووگەر و دێو و درنج) داپۆشی بوو، ئەویش هەمیشە باری دەروونیی دەگۆڕدرا. دەمێك ئاڵۆز و دەمێك ئاسایی دەنووسێت: "بۆ ئەو مەبەستە دەخەوم کە پشوو بدەم، یان لە دەست ئەم بارە دەروونییەم ڕابکەم، بەڵام لە خەویشدا خەون بە دێو و درنج و خەیاڵی ناخۆشەوە دەبینم، وازم لێناهێنن و ماندووترم دەکەن". ڤانکوخیش هەمان هەست و ئازاری هەبوو بە دەست خەونەکانییەوە. مردن بە باشتر دەزانێت، لە دەست ئەمجۆرە خەوتن و خەون بینینە ناخۆشانە، بۆیە پاش تەواوبوونی تابلۆی (کێڵگەی گەنم) بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

## فریشتەی ڕەش لەنێو بێشکەمدا



ئیدوارد مەنچ، هونەرمەندی نەرویجیی دەنووسێت: "نەخۆشیی و شێتیی وەك فریشتەی ڕەش، ببوونە پاسەوان لەنێو بێشکەمدا". ئیدوارد مەنچ، یەکێکە لە هونەرمەندە نیگارکێشە مۆدێرنیستە تەعبیریەکانی نەرویج. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا



دایکی بە دەست نەخۆشی سیلەوە دەناڵێنێت و هەر لەم کاتەدا تووشی خوێنبەربوون دەبێت و دەمرێت. دوای مردنی دایکی لەگەڵ باوکی دەمێنێتەوە. لەژێر پەروەردەیەکی بێئەندازە توندوتیژ و کوشندە و هەڕەشاویی گەورە دەبێت. مەنچ بە بیری دێتەوە و دەڵێت: "کاتێك باوکم ئازاری ئێمەی دەدا تا ئاستی شێتبوون توندوتیژ و ترسناکانە بوو". ژیانی بەمجۆرە بەردەوام بوو تا تەمەنی چل و پێنج ساڵی. لەم تەمەنەیدا سەرەتای بە دەرکەوتنی نارێکیی و ئاڵۆزیی باری دەروونیی لەنێو تابلۆکانیدا بوو. هێما و ماناکانی نێو تابلۆکان، دەربڕی خەیاڵ و ئەو ئازار و ئەزکەنجەیە بوو کە لە ڕابردوودا بینیبووی. جیاکاریی و تایبەتمەندیتیی شیزۆفرینیا لە تابلۆکانی ڕەنگی دەدایەوە وەك: بەکارهێنانی هێڵی ڕاستیی تەریبیی، یان هێڵی چەماوەیی و شەپۆلاویی و بازنەیی بە دەوری پنتی ناوەڕاست، یان شێواندنی جەستە و فیگەرەکان. ئەو هێڵانەی ئەو بەکاری دەهێنا دەربڕی ترس و نیگەرانیەك بوون کە نوقمی نێو دەریای درندەیی و دوژمنکارانە بوون. نەخش و نیگاری ڕووی خۆڵەمێشی داری لەنێو تابلۆکانیدا بە کار دەهێنا. لە دوای تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا تا کۆتایی ژیانی باری دەروونیی بە ناتەواویی مایەوە، هەمیشە دونیای تایبەتیی نێو خەیاڵەکانی خۆی وێنە دەکرد. کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دونیای دەرەوەدا. هەمیشە گۆشەگیر و بە تەنیا لەگەڵ تابلۆکانیدا دەژیا. دەیوت: " تابلۆکانم چاوچنۆکن ئیرەییان هەیە، نایانەوێت لەگەڵ تابلۆی هونەرمەندانی دیکە خۆیان نمایش بکەن". یان بە تابلۆکانی دەوت: "ئەمانە کۆرپەی منن". یان ئەگەر لەگەڵ تابلۆیەکی زۆر دڵخۆش

نەبوایە، بە قامچی دارکاریی دەکرد و لاسایی باوکی دەکردەوە و دەیوت: "ئەمە وانەی ئەسپ فێرکردنە، بەمجۆرە ڕەفتارانەی دیوی ڕاستەقینەی خۆیی و کەسایەتیی و باری دەروونیی خۆی دەخستە ڕوو".

**سەرچاوە:**


The Mind
By: John Rowan Wilson
And the Editors of the Time - Life Books

# فریدا کالۆ

**بەناوبانگترین ژنە نیگارکێشی ئەمریکای لاتین**



(من ژیانی ڕاستەقینەی خۆم کێشاوە، وێنەی هەموو ئەوشتانەم کێشاوە کە بە خەیاڵمدا هاتوون، بەبێ هیچ ڕاڕایی و دوودڵییەك...) فریدا کالۆ

## دەروازەیەك:

سەدەی بیستەم سەدەیەکی خوێناویی و بێشکەی لە ئامێزگرتنی دوو جەنگی جیهانیی و سەدەی ئەنفال و مردنی بە کۆمەڵ و سەدەی بەکارهێنانی گازە خنکێنەرەکان بوو بە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتیی، لەگەڵ ئەمەش سەدەی بیستەم سەدەی هەڵسانەوە و سەدەی ڕووشاخان بوو بە دژی سەرمایەداریی و ئیمپریالیزمیی جیهانیی،



سەدەی بە سەرکەوتن گەیشتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن و ڕزگاربوونی دەیان گەلانی ژێردەستە و سەر دەرهێنانی دەیان قوتابخانەی ئەدەبیی و هونەریی نوێ و مۆدێرن بوو. ڕۆڵی ژنانی ئەمریکای لاتین لەم سەدەیەدا لەپاڵ مرۆڤە داهێنەرەکانی وەکو: (گابریل گاریسیا مارکیز و بابلۆ نیرۆدا و هەمەنگوای و پاولۆ کۆلۆ و دیاگۆ ڕیڤێرا و فولگێنسیۆ بەتیستا و،... هتد.) ڕۆڵی ئەم ژنانە چ لەنێو شۆڕشەکان و چ لەنێو قوتابخانە ئەدەبیی و هونەرییە نوێیەکاندا لە ڕووی بەخشش و داهێناندا ئەگەر لە ئەورووپا و ئەمریکا زێتر نەبووبێت ئەوا کەمتر نەبووە، فریدا کالۆ ئەو ژنە هونەرمەندە دەست ڕەنگینە بوو، کە بۆ هەتا هەتایە خێڵی ژنانی دنیا و مێژووی مەکسیك و ئەمریکای لاتین و سەرجەم مرۆڤایەتی تا ئاستی ئەفسانە باس لە داهێنان و سەروەرییەکانی دەکەن، لە هەمانکات، کالۆ یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارییانەی کە لە کتێبی (ئەو سەد هونەرمەندەی دنیایان گۆڕی) دا ناوی هاتووە. فریدا کالۆ لەگەڵ ئەوەی، دژوارترین و پڕمەینەتترین و ژیانی هەبووە، بەڵام هێشتا ئومێدی بە ژیان و عەشق و مرۆڤ نەبڕاوە و بە چاوێکی گەشی پڕ لە هیوا و پڕ لە ڕەنگە جوانە هونەرییەکان لە ژیان و ئایندەی ڕوانیوە! ئەوەتا لە دواهەمین تابلۆی کە هەشت ڕۆژ بەر لە مردن تەواوی کردووە، لەژێریدا نووسیویەتی "بژی ژیان"!.

## کورتەیەك دەربارەی ژیان و تابلۆکانی فریدا کالۆ

فریدا لە ٦ی تەمموزی ١٩٠٧ لە کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی و لە هاوینێکی بە باران لە شاری مەکسیکۆ لە ماڵەوەیان لەنێو (خانووی شین) لە دایك دەبێت. سێهەمین کچی گوێلێرمۆ کالۆ دەبێت. باوکی بە ڕەگەز هەنگارییەکی ئەڵمانیی و دایکی مەکسیکیی واتە سپانیشە. لە بارەی بیروباوەڕی ئایینیشەوە دایکی کریستیان و باوکی جولەکە بووە. باوکی فریدا لە سەرەتاوە کاری زەڕەنگەریی دەکات دواتر فۆتۆگرافی. فریدا لە ڕێی باوکییەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ هونەر پەیدا دەکات. چونکە باوکی وەك هونەمەندێك حەزی لە هونەریی بیناسازیی و هونەریی نیگارکێشان بووە. زۆرجاران بە مەبەستی نیگارکێشان فریدای لەگەڵ خۆیدا بردۆتە دەرەوە بۆ شوێنە گشتییەکان و بۆ نێو پارکەکان. وە لە کاتی ئیشی فۆتۆگرافیشدا فریدای فێری ئەوە کردووە، چۆن کامێرا بەکاربهێنێت و بە شێوەیەکی دروست وێنەکان بگرێت. ئەو سەردەمەی فریدا تیایدا لە دایك دەبێت، ئەمەریکای لاتین لە گەرمەی شۆڕش و خەباتدا دەبێت لە دژی دیکتاتۆریەت و ئیمپریالیزم، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیی و چینایەتییەکانیان. سێ ساڵ دوای لە دایکبوونی فریدا شۆڕشی مەکسیك بە دژی کۆنە دیکتاتۆر (پۆرفیریۆ دیاز) بەسەرکەوتن دەگات. شۆڕشەکەش بە سەرکردایەتی (فرانسیسکۆ مادێریۆ) دەبێت. کە دوای سەرکەوتنیان بەسەر پۆرفیریۆ. لە ساڵی ١٩١١ فرانسیسکۆ بە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت. بەڵام وەزعەکان تاسەر وا نامێننەوە، بۆیە لە فێبروەری ١٩١٣ سوپای فرانسیسکۆ لەگەڵ هێزێکی دیکەی



بەرهەڵستکار شەڕ لەنێوانیان هەڵدەگیرسێت و بە توندترین شێوە لەگەڵ یەکتری بەشەڕ دێن ئەم شەڕوپێکدادانەش بە (تراژیدیای دە ڕۆژ) ناو دەبەن. لەم شەڕەدا فرانسیسکۆ دەکوژرێت و شەڕەکەش دەدۆڕێنن. فریدا لە یادەوەرییەکانی باسی ئەو ڕۆژانە دەکات و دەڵێت: "من بە بیرم دێت، تەمەنم چوار ساڵان بوو، کە تراژیدیای دە ڕۆژ " ڕویدا. من شاهیدم و بە چاوەکانی خۆم بینیم کە (زاپاس) بریندار ببوو خوێن لە جەستەی دەهاتە خوار، دایکیشم پەنجەرەی ژوورەکەمانی بۆ کردەوە و ئەویش لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە و هیلاك هیلاك دایکیشم تورەگەیەك خواردنی پێی دا. فریدا کالۆ لە شوێنێکی دیکەی یادەوەرییەکانیدا دەڵێت: "کە شۆڕشگێڕەکان شار جێدەهێڵن، شار چۆڵ و هۆڵ وەك بیابان دێتە پێش چاو". ئەم هەست و سۆزە مرۆڤدۆستییە و پاك و بێگەردییەی منداڵی، کە گەورە دەبێت، دەبێت بە بەشێك لە هەوێنی ئیلهام و بیرۆکەی نێو تابلۆکانی. لە ساڵی ١٩٢٢ واتە لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی باوکی دەینێرێتە قوتابخانەی ( The National Preparatory School) ئەم قوتابخانەیە وەکو قوتابخانەیەکی نموونەییە. هەرچەندە قوتابخانەکە زۆر لە ماڵیانەوە دوورە بەڵام باوکی بەو مەبەستە دەینێرێت تاکو بتوانێت بەرزترین پلەی خوێندن تەواو بکات. وە لەلایەکی دیکەوە فریدا لەگەڵ باوکی زۆر لە یەکتریەوە نزیکن و لە هەموو کچەکانی خۆشتر دەوێت. وە لەم قوتابخانەیە فریدا ٣٠ سییەمین قوتابی کچ دەبێت لە کۆی ٢٠٠٠ قوتابی. ئەم قوتابخانەیە بۆ فریدای هەرزە و شۆخ، دەبێتە خاڵی وەچەرخان و پێگەیشتن لە ڕووی فیکری و

دەستکەوتنی ڕوئیایەکی ڕۆشن بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆیی و لە ژیان و لە دەوروبەر. هەر لەم دەورانی لاوێتییەیدا، لەنێو (گرووپی ئەدیبانی مەکسیك) نزیکایەتیی و برادەرایەتیی لەگەڵ زۆرێك لە نووسەرانی پێشکەوتووخواز و بەناوبانگ پەیدا دەکات لەوانە: (سلفادۆر نۆڤۆی شاعیر، خاڤبەر ڤیلادۆتیای ڕۆماننووس، کارلۆس پلیستری شاعیر و چەندنی تر). لەم ساڵانە دەچێتە نێو گرووپێکەوە بە نێوی (Cachuchas) ئەم گرووپە لە ڕووی بیروباوەڕەوە بەرگریی لە باوەڕی سۆشیالیستیی دەکەن، بەڵام گرووپێکی سیاسیی نین، زیاتر گرووپێکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیرین. گرووپەکە لە نۆ کەس پێکدێت حەوت کوڕ و دوو کچ. زیاتر قوتابییە چالاك و خوێنگەرم و یاخییەکانن. زۆر بە چڕی لە هەوڵی خۆ پێگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیرکردندا دەبن. سەردەستەی ئەم گرووپە (ئەلیجاندرۆ) یە لە بەشی یاسا دەخوێنێت، دواتر دەبێتە هاوڕێی نزیك و دۆست و خۆشەویستیی فریدا. وە هەروەها یەکێك لە قوتابییانی ئەم گرووپە سلفادۆر ئەزوێلایە کوڕی ماریانۆ ئەزوێلای ڕۆماننووسە کەسێکی زیرەك و وریا و بە توانایە. کەسەکانی گرووپ بە بەردەوامیی هەموو شتێك دەخوێننەوە، هەر لە (دوماس)ەوە تا ماریانۆ ئەزوێلا، هەر لە بابیلەوە تا زۆزۆبرا... وە گرنگییان بە نوێترین و باشترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی مەکسیك دەدا. وە بابەتە وەرگێڕدراوە ڕوسییەکانیان بە تایبەت (پۆشکین و گۆگۆل و ئەندریتۆن و تۆلستۆی و دەستۆفسکی) یان زۆر دەخوێندەوە. فریدا دەیتوانی بە سێ زمان بخوێنێتەوە، ئیسپانی، ئەڵمانی، ئینگلیزی. دەربارەی فەلسەفەش حەزی دەکرد لەسەر هیگڵ و



کانتەوە قسە بکات. فریدا زۆر حەزی بە خوێندنەوە بوو. هەندێکجار بە نووزانەوە بە ئەلیجاندرۆی دەوت (ئەمرۆکە هیچ کتێبێکم پێ نییە بۆ نێو پاسەکە) لەگەڵ برادەرانی نێو گرووپەکەی پێشبڕکێی ئەوەیان دەکرد: کامەیان باشترین کتاب و وە بە زووترین کاتیش تەواوی دەکات. فریدا لەگەڵ ئەلیجاندرۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە یەکتری نزیك دەبنەوە تا لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣ پەیوەندی خۆشەویستیی لەگەڵ یەکدا دەبەستن و زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە دەبن.

## ڕووداوێکی خەمناك و تراژیدی

دوای نیوەڕۆی ١٧ ی ئەیلوولی ١٩٢٥، ڕۆژێك دوای ئاهەنگی یادکردنەوەی سەربەخۆیی مەکسیك لە ئیسپانیا، لەگەڵ ئەلیجاندرۆ لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە لەنێو پاس دا دەبن. لەنێو جەرگەی بازاڕ لە



قەرەباڵغترین شوێن پاسەکەیان بڕێکی نامێنێت و لەگەڵ شەمەندەفەردا بەریەکدەکەون. بەریەککەوتنێکی ئێجگار سەخت و دژوار. فریدا لە بن ئۆتۆمۆبێل و لەژێر پارچە ئاسنەکان دەردەهێنن، بە شێوەیەك بریندار و جەستەی خوێناویی دەبێت هەر کەسێك

ببینێت لەو بڕوایە نابێت ئەم مرۆڤە جارێکی دیکە چاوی بە ژیان بکەوێتەوە. بڕبڕەی پشتی و پەراسووەکانی و ڕانی ڕاستیی و سەر و نێو چاوانی و زۆر شوێنی جەستەی دەشکێت و بریندار دەبێت. بەهۆی سەختی بەریەککەوتنەکە جلەکانی لەبەر دادەکەندرێت و جەستەیەکی ڕووتی خوێناویی لەنێو هاوار و قیژەی مەرگ ئەلیجاندرۆ لە باوەشی دەگرێت و دەبیات و لە بلیاردخانەیەکی نزیك شوێنی ڕووداوەکە لەسەر تەختەی بلیاردەکە دایدەنێت تاکو ئیسعافی مانگی سوور دەگات و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە. ئەم ڕووداوە تراژیدییە تەواو ئاراستەی ژیانی فریدا دەگۆڕێت. کاریگەرییەکانی هەتاکو مردن بەسەریەوە دەمێنێت و هەرگیز لەژێر ئێش و ئازارەکانی ڕزگاری نابێت و بە شێوەیەك ئاستی ژیانی دەهێنێتە خوارەوە کە هەرگیز وەکو خۆی لێ نایەتەوە. مانگێکی تەواو لە نەخۆشخانە لەسەر جێگا دەبێت، چەندین نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت، ئەو ماوەیەی لە نەخۆشخانەیە جارێکیان بە ئەلیجاندرۆ دەڵێت: "شەوانان مردن لە دەوری قەرەوێلەکەم سەما دەکات، من بۆ تۆ و بۆ ئازارەکانم دەگرییم". دوای مانگێك واتە لە ١٧ ی ئۆکتۆبەر لە نەخۆشخانە دەچێتە دەرەوە. لە ماڵەوەش بۆ چەند مانگێك لەسەر جێگادا دەمێنێتەوە. ماڵەوەشیان زۆر یارمەتیی دەدەن بە تایبەت کریستینای خوشکی. لەو ماوەیەدا ئەلیجاندرۆ و برادەرەکانی سەردانی ماڵەوەی دەکەن، ئەلیجاندرۆ لە کتێبخانەکەی باوکی بەردەوام کتێبی بۆ دەهێنێت. ئەویش بە ئەندازەیەك ئەلیجاندرۆی خۆشدەوێت تا ئاستی ئەوەی هەموو شتێکی پێدەبەخشێت. بەردەوامیش نامە بۆ یەکتری دەنووسن، نامەکانی فریدا



پڕاوپڕە لە موعاناتی تەنیایی و خۆشەویستیی هەمیشە داوای لێدەکات زوو زوو سەردانی بکات. لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت: "ئەوە ڕەوای هەق نییە تۆ تەنها بۆم دەنووسیت نایەیت بۆ سەردانم و بینینم، من لەم کاتانەدا زیاتر هەست بە دڵتەنگیی دەکەم، دەربارەی هەموو شتێکی ژیانم". وا دیارە لەم ماوەیە ئەلیجاندرۆ وردە وردە سەردانەکانی کەمتر کردۆتەوە، ئەویش نا، لەبەر ئەوەی فریدا بەهۆی ئەم ڕووداوەوە کەوتۆتە ماڵەوە و ئێستا باری تەندروستیی باش نییە بەڵکو لەبەر ئەوە بووە فریدا کەسێکی (Bi – sexual) بووە، بە مانای (ئەوکەسانەی لە یەککاتدا دەتوانن لەگەڵ ڕەگەزی نێر و مێ کاری سێکسیی بکەن). فریداش لە نامەیەکدا دان بەمەدا دەنێت و هەموو ڕاستییەکانی بۆ باس دەکات. فریدا لەم ماوەدا زۆر هەست بە تەنیایی دەکات و موعاناتەکانی تا دێت زیاتر دەبن، بۆیە بۆ تێپەڕاندنی کات و خۆلەبیرکردن و لەیادکردنی ئێش و ژان و میحنەتەکانی، بڕیاردەدات دەست بە کاری نیگارکێشان بکات، فلچە و بۆیەکانی باوکی بەکاردەهێنێت، دایك و باوکیشی بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیی زۆری دەدەن، بۆردێکی نیگارکێشانی بە دیاری بۆ دەهێنن، بۆردەکە بە شێوەیەك دروستکراوە کە بتوانێت لەنێو جێگاوە بەدەم ڕاکشانەوە نیکارەکانی بکێشێت. لە کۆتایی هاوینی ١٩٢٦ یەکەمین تابلۆی دەکێشێت، وێنەی پۆرترێتێکی خۆیەتی کە بە دیاری بۆ ئەلیجاندرۆی دەنێرێت. ئەلیجاندرۆش دیاریەکەی لێ قبوڵ دەکات و تا ئەندازەیەکی زۆر دڵی پێخۆش دەبێت و زۆریش هانی دەدات. بەدوای ئەمەوە پەیوەندییەکانیان تا ئاستێك بەرەو باشبوونەوە دەچێت، دوای

ئەوەی تابلۆکەی بۆ دەنێرێت لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت: "ببوورە لە چوارچێوەم نەگرتووە، تکایە لە شوێنێکی نزم هەڵی بواسە تاکو هەمیشە سەیری بکەیت و لەبەر چاوانت بێت". لەوەوە بەدوا دەست بە کاری



نیگارکێشان دەکات. لە سەرەتاوە نیگارەکانی زیاتر پۆرترێتە ( Self portrait –) پۆرترێتەکانی خۆیی و کەسە نزیکەکانی. وە هەر لەم کاتانەدا لەپاڵ نیگارکێشان کتێبە کۆنەکانی مێژووی هونەریی سەدەکانی ناوەڕاست دەورانی ڕینیسانسی زۆر دەخوێندەوە، لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەریی نیگارکێشە کلاسیکییە ئیتاڵییەکانی سەدەی پانزە و شانزەدا دەبێت وەك: بۆتێسیلی (Botticelli) و برۆنزینۆ (Bronzino). لەو سەردەمانە فریدا جەستەیەك دەبێت لە تەنیایی، ئێش و ئازار و موعاناتەکانی چرکە چرکە بۆ ئەلیجاندرۆ دەنووسییەوە لەنێو پۆرترێتەکانی بەهۆی ڕەنگەکان و شێوەی ڕووخسار و باکراوندەکان هەست و ئازارەکانی خۆی دەردەبڕی. وە لە چاوپێکەوتنەکانیش باسی ئەم حاڵەتانەی خۆی کردووە، ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێت: "من وێنەی خۆمم کێشاوە، چونکە زۆربەی کاتەکان بە تەنیا بووم و هەستم بە تەنیایی کردووە، من خۆم یەکەمین بابەتی تابلۆکانی خۆم بووم". کاتێك ئەلیجاندرۆ بۆ خوێندن دەچێتە ئەورووپا ئەو کاتانە دیسان



پەیوەندییەکانیان بەرەو کزی دەچێتەوە، وە لە ناوەڕاستی جونی ١٩٢٨ کۆتایی بە پەیوەندییەکانیان دێت ئەویش پاش ئەوەی ئەلیجاندرۆ لەگەڵ برادەرێکی خۆی بە ناوی ئیسپرێنزا ئۆردرنیز پەیوەندی خۆشەویستیی دەبەستێت. لە سەرەتای ١٩٢٨ فریدا باری تەندروستیی بەرەو باشتر دەچێت دەتوانێت بەهۆی دارشەقەکەیەوە وردە وردە بڕوات. لەو دەمەدا چەند پۆرترێتێکی خۆی تەواو کردووە، دەیانبات پیشانی (دیاگۆ ڕیڤێرا) یان دەدات، دیاگۆ یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە بەناوبانگەکانی مەکسیك و تەواوی ئەمەریکای لاتین بە عیملاقی نێو هونەریی تەشکیلی ناوی دەبەن. فریدا بەو مەبەستە تابلۆکانی خۆی دەباتە لای، بۆ ئەوەی بزانێت توانای نیگارکێشانی هەیە؟ ئەگەر نا، وازبێنێت و لە داهاتوودا ئیشێکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی. دوای ئەوەی دیاگۆ تەواوی تابلۆکانی دەبینێت هانی دەدات بەردەوام بێت و پێی دەڵێت: توانایەکی باشت هەیە لەم بوارەدا.

فریدا سێ مانگ دوای نەمانی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەلیجاندرۆ لە ڕێگەی ژنە فۆتۆگرافیك و ئەکتەری سینەمایی بێدەنگ (تینا مۆدێتی) دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی مەکسیك. لە کۆبوونەوەکان بەشداری دەکات و شەوانانیش دەچێتە ئەو یانانەی کە کرێکاران و خەڵکی هەژاری مەکسیك لەوێدا کۆدەبنەوە. وە زۆرجاران لە شوێنە گشتییەکان قسە بۆ هەژاران و خەڵکی نەدار دەکات و بە بیرباوەڕی مارکسیی هانیان دەدات. لەم کۆبوونەوانەدا ڕووبەڕوو دیاگۆش دەبینێت و بەڵام لە نزیکەوە یەکتری ناناسن و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەنێواندا

نییە. پاش ئەوەی فریدا تابلۆکانی پیشانی دیاگۆ دەدات لەوە بەدوا دەبن بە هاورێی نزیکیی یەکتری وەك دوو کەسی هونەرمەند و هاوباوەڕ، وردە وردە فریدا کاریگەریی ئەلیجاندرۆی بەسەردا نامینێت، واتە دیاگۆ جێگای ئەلیجاندرۆ دەگرێتەوە لە ژیانی فریدا دا. هەر چەندە دیاگۆ بیست ساڵ لە فریدا گەورە ترە و لە ئێستادا لە ژنی یەکەمی جیابۆتەوە، وە کەسێکی زلل و باڵابەرز و قەڵەو و ناشیرینە، بەڵام ناو و دەنگ و توانا هونەرییەکەی وا لە فریدا دەکات هیچ کامێك لەوانەی نەبینێت. فریدا عەشقی ڕۆحی ئەم مرۆڤە دەبێت، عەشقی تواناکانی و هونەرەکەیی و بیر وباوەڕ و ڕوئیاکانی دەبێت. بە ئەندازەیەك تا ئاستی شێتبوون خۆشی دەوێت. وە لە ساڵەکانی ١٩٢٨ - ١٩٢٩ فریدا لەژێر کاریگەرییەکانی دیاگۆ تابلۆکانی دەکێشا، ئەو کاریگەرییە لەنێوان پۆرترێتی کریستینا کەهلۆ کە لە سەرەتای ١٩٨٨ کێشاویەتی لەگەڵ پۆرترێتی ئۆگستین ئێم ئۆلمێدۆ لە باری هونەرییەوە جیاوازیی تەواو لە ڕەنگ و لە شێوە و لە جۆری وێنەکێشانەکان دەبیندرێت. هەر چەندە لەو سەردەمانە فریدا موعجەب بوو بە هونەری ڕێنسانسیی ئیتاڵیی و لەپاڵ ئەمەش گرنگیی زۆری بە هونەری یللیی و فۆلکلۆری مەکسیکی دەدا. هەوڵی دەدا ترادیشن و تەقالیدی مەکسیکی بە شێوەیەکی نوێ و مۆدێرن ڕەسم بکاتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا هەم لە ڕێگای دیاگۆ وە هەم لە ڕێگەی خوێندنەوەکانی خۆیەوە بە ستایلەکانی ئێستای مۆدێرنیزمی ئەوروپا ئاشنا بوو، نوێخوازیی لە ڕەنگ و شێوەی ئیشکردنی دەبیندرا. بە تایبەت مامەڵکردن لەگەڵ ڕەنگی تۆخ و بە کارهێنانی ڕەنگی زۆر لە ڕووبەری



بچووك لەو سەردەمانەش مۆدێرنیزم لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە شەپۆڵدان دابوو. داداییزم و سوریالیزمی فەڕەنسیی و فیوچەریزمی ئیتاڵیی و پۆست - ئیمپرێشنیزمی ئەڵمانیی و ئەبستراکتی ئەمەریکیی و کوبیزمی ئیسپانیی و ئەم قوتابخانە هونەرییانە لە بواری هونەریی و مەعریفیی دا سایەیان کێشابوو بەسەر دنیادا، بێگومان لەم سەردەمانەشدا ئەمەریکای لاتین لەژێر ئەم کاریگەرییانە بە دەر نەبوو. دیاگۆ لەم



قوتابخانە تازە و مۆدێرنانە ئاگایی و توانایەکی باشی هەبوو. پاش ئەوەی کوبیزم جێدەهێڵێت دەچێتە ئیتاڵیا بۆ دیراسەکردنی هونەری کلاسیکیی ئیتاڵی لە ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە مەکسیك... بە توانایەکی سەرسووڕهێنەرەوە ئیش لە هونەری موڕالیزم (تابلۆی گەورەی سەردیوار) دەکات، کە دواتر وەك قوتابخانەیەکی تازە دەردەکەوێت. فریدا لە ساڵی ١٩٤٣ لەنێو یادەوەرییەکانی باسی ئەم کاریگەرییانەی دیاگۆ دەکات و دەڵێت: "من لە سەرەتا تابلۆی ئەو شتانەم دەکێشا کە ئەو حەزی لێدەکرد. ئەویش شانازیی پێوە دەکردم و زیاتر خۆشی دەویستم". لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "دیاگۆ هەستێکی شۆڕشگێڕانەی پێبەخشیم بۆ ژیان و هەستێکی ڕاستەقینەش بۆ ڕەنگەکان) هەر لەوکاتانە لە ساڵی ١٩٢٩

بەناوبانگترین تابلۆ دەکێشێت بە ناوی (پاس). لە ٢١ ی ئۆگەستی ١٩٢٩ فریدا و دیاگۆ ئاهەنگی هاوسەرێتییەکەیان دەگێڕن، دایکی فریدا ڕازی نابێت بە دوو دەلیل یەکەم... دیاگۆ کەسێکی کۆمۆنیستە و لە ژنی یەکەمی جیابۆتەوە، دووەم... کەسێکی بە تەمەن گەورە و زۆر ناشیرینە. وە لە ئاهەنگەکەشیان ئامادە نابێت. بەڵام باوکی هەر چەندە سەددەرسەد ڕازی نییە بەڵام وەکو دایکیشی بەم شێوەیە بە دژیان ناوەستێت و لە ئاهەنگەکەیان ئامادە دەبێت. وە ئەم هاوسەرێتییە بە ناوی زەماوەندی (فیل و کۆتر) ناودەبەن. دیاگۆ لە دیسەمبەری ١٩٢٩ کۆمیشنێك لەگەڵ ئەمەریکا قبووڵ دەکات، لە بەرامبەر پڕۆژەیەکی هونەریی پڕۆژەکەش ئەوەیە (چەند وێنەیەکی گەورەی مۆراڵی) لە پەیمانگە هونەرییەکان و لە شوێنە گشتییەکان دروست بکات. لە ساڵی ١٩٣٠ بەیەکەوە دەچن بۆ ئەمریکا، لە سەرەتا لە فرانسیسکۆ و دواتر دەچن بۆ نیۆرك و شیکاگۆ. وە دەزگا ڕاگەیاندنەکان گرنگییەکی زۆر بەم چوونەیان دەدەن و فریداش لەم ماوەیە زۆر کەسی ناودار و بەناوبانگ دەناسێت. یەکێك لە وانە: (ئیدوارد ویستۆن)ە، هەروەها لەم ماوەیەدا فریدا بۆ یەکەمجار سکی دەبێت، ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە بەڵام منداڵەکەی لەبار دەچێت. دوای پشکنین و تاقیکردنەوەکان پزیشکەکەی پێی ڕادەگەیەنێت کە بۆ هەتاهەتایە شانسی منداڵبوونی نییە. چونکە بەهۆی ڕووداوەکەوە منداڵدانی لە شوێن خۆی نەماوەتەوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو بەهۆی ئەم ڕووداوەوە پەردەی کچێنیشی لەدەست دابوو. فریدا زۆر خەمناك دەبێت کە منداڵەکەی لەدەست دەدات بە تایبەت کە ئەوەش دەزانێت کە بۆ



هەتاهەتایە منداڵی نابێت ئیتر زۆر بێئومێد دەبێت و تابلۆیەك ڕەسم دەکات ئەم ئێش و ژانەی خۆی تیا دەردەبڕێت. ئیتر بەم شێوەیە ژیان لە ئەمەریکا بەسەر دەبەن، دیاگۆ خەریکی بردنە پێشەوەی کارە هونەرییەکانی دەبێت لە ساڵی ١٩٣٢ فریدا بە تەنیا دەگەڕێتەوە مەکسیك، چونکە دایکی کۆچی دوایی دەکات، بە هۆی شێرپەنجەی سنگەوە. دوای ماوەیەك دەگەڕێتەوە ئەمەریکا، لەم ماوەیەدا هەندێك لە پۆرترێتەکانی لە گەلەرییەکان لە پێشانگایە هاوبەشەکان هەڵدەواسرێت، وە گرنگیی دانەکەش لەوێوەیە چونکە فریدا ژنی دیاگۆی گەورە نیگارکێشە، فریدا لە ساڵی ١٩٣٣ تابلۆی ( My dress hang there)) لەم تابلۆیەدا کاپیتالیزمی ئەمریکا و دنیای هاوچەرخ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی هونەرییانە ڕەسم دەکات. وە هەر لە ساڵی ١٩٣٣ ناکۆکیی دەکەوێتە نێوان دیاگۆ و ڕۆکلێر سێنتەری ئەمەریکی، وە کۆمێشنەکە ڕادەگیرێت و کۆتایی بە پەیمانەکە دەهێنن. وێنە موراڵییەکان هەڵدەوەشێننەوە، لە دیسەمبەری ١٩٣٣ دەگەڕێنەوە مەکسیك. لە ساڵی ١٩٣٤ فریدا بۆ جاری سێیەم سکی پڕ دەبێت و دیاگۆش لەم ماوەیەدا بە دزییەوە کاری سێکسی لەگەڵ کریستینا خوشکە بچووکی فریدا دەکات، کە فریدا بەمە دەزانێت زۆر تووڕە دەبێت و تەواو لە دیاگۆ بێئومێد دەبێت. وە لە کۆتایی ئەمساڵەدا دەست بە تابلۆیەك دەکات بە ناو (A few small nips) لەم تابلۆیە مەبەستیەتیی ناپاکییەکانی دیاگۆ و ئازارەکانی خۆیی و ڕەشبینییەکانی وێنە بکێشێت، وە ئەم تابلۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٥ تەواو دەکات. وە

لەمبارەیەوە فریدا قسەیەکی هەیە دەڵێت: "دوو ڕووداو لە ژیانمدا کاریگەریی زۆریان لێکردوم وره و ئاستی ژیانمیان هێناوەتە خوارەوە، یەکێکیان ڕووداوەکەی سەرشەقام بوو ئەویتریشیان دیاگۆ !). بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات لە دیاگۆ جیا ببێتەوە، بەڵام جیابوونەوەکەیان درێژە ناکێشێت، لە کۆتایی ١٩٣٥ لەگەڵ یەك ئاشت دەبنەوە و بەڵام هەریەکەیان بۆخۆیان بە جیا دەژین. لە ساڵی ١٩٣٧" لیۆ ترۆتسکی و خێزانەکەی ناتالیا سیدۆڤ " دێن بۆ مەکسیك، هەر چەندە فریدا و دیاگۆ هێشتا بەجیا دەژین بەڵام بەیەکەوە پێشوازیی لە ترۆتسکی و خێزانەکەی دەکەن، وە لەیەك خانوودا لەگەڵ ئەوان بەیەکەوە دەمێننەوە بەڵام فریدا و دیاگۆ شەوانان بەیەکەوە لەیەك ژوور ناخەون، لەوماوەیەدا ترۆتسکی و فریدا زۆر لەیەکتری نزیك دەبن، وە ژێربەژێر پەیوەندی سێکسییان دەبێت، فریدا وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە دیاگۆ بەرامبەر بەو کارەی لەگەڵ کریستینای خوشکی کردوویەتی ئەمە دەکات.



فریدا و ترۆتسکی زۆربەی کاتەکان بە ئینگلیزی بەیەکەوە قسە دەکەن بە تایبەت ئەوکاتانەی ناتالیا لەگەڵیادا دەبێت. فریدا هەر بەنێوی " پیاوە پیرەکە " بانگی ترۆتسکی دەکات لەو ماوەیەدا وێنەی پۆرتریتێکی خۆی دەکێشێت و بە دیاری دەیدات بە ترۆتسکی، لە



ساڵی ١٩٣٩ کۆتایی بە پەیوەندییە نهێنییەکەیان دەهێنن و وە لەسەر داوای ناتالیا ئەو جێگایە بەجێدەهێڵن و ترۆتسکی تابلۆکەی فریدا بەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت. وە هەروەها لە ئەپریلی ١٩٣٨ گەورە شاعیری سوریالیستی فەڕەنسی (ئەندریۆ بریتۆن) و خێزانەکەی (جاکلین لامان) هونەرمەندی نیگارکێش، دێن بۆ مەکسیکۆ بەمەبەستی بینینی ترۆتسکی. لە ماڵی (گەدەلاپ مارین) ژنی یەکەمی دیاگۆ دەمێننەوە، لەوێدا بریتۆن و فریدا یەکتری دەبینن، کاتێك بریتۆن تابلۆی تەواو نەکراوی (ئاو چی پێبەخشیوم !؟) ی فریدا دەبینێت. یەکسەر فریدا بە هونەرمەندێکی سوریالیست ناودەبات. وە داوای لێدەکات سەفەری پاریس بکات و لەوێشدا تابلۆکانی نمایش بکات. لە ئۆکتۆبەری ١٩٣٨ فریدا دەچێتە نیۆرك بۆ کردنەوەی یەکەمین پێشانگای تایبەتیی خۆی لە"جولیان لیڤی گەلەری" ئەم پێشانگایە لە نۆڤەمبەری یەك تا نۆڤەمبەری پانزە واتە بۆ ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت. بە ٣٠ تابلۆ بەشداریی دەکات. تا کۆتایی پێشانگاکە ١٢ تابلۆی دەفرۆشرێت. لەوکاتانەی فریدا لە نیۆرك دەبێت لەگەڵ (نیکۆلاس مورەی) هەنگاری دەبن بە هاوڕێ و پاش ماوەیەك پەیوەندییەکەیان گەشە دەکات و دەگاتە ئاستی پەیوەندیی خۆشەویستی. نیکۆلاس مورەی فۆتۆگرافیستێکی بەناوبانگە لە بواری ڕۆژنامەنووسیش چالاکە و نووسەرێکی سەرکەوتووشە. لەوکاتەدا بە تەنها لەگەڵ چوار منداڵەکەیدا دەژی. دوای ماوەیەك فریدا دەگەڕێتەوە مەکسیك. لە ساڵی ١٩٣٩ دەچێتە پاریس لە پێشانگەی (Collie Gallery) دووەم پێشانگەی تایبەتیی خۆی بۆ

دەکرێتەوە، لە پاریس لەلایەن ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕەخنەگران پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت، وە پێشانگەکە و تابلۆکانی بەرز دەنرخێنن. وە پێانگاکەی دەگوازێتەوە "لەندەن" لەژێر چاودێریی بریتۆن و برادەرەکانی. فریدا لە فەرەنسا زۆر خۆشحاڵ نابێت، لەم ماوەیەدا لەگەڵ نیکۆلاس و دیاگۆ لەگەڵ هەردووکیان بەهۆی نامەوە لە پەیوەندیی گەرم دا دەبێت. بیری هەردووکیان دەکات و هەردووکیانی خۆشدەوێت. لە نامەیەکدا لە وەڵام بە نیکۆلاس دەنووسێت: "زۆر بیرت دەکەم و زۆرم خۆشدەوێیت، جگە لە دیاگۆ هیچ کەسێکم هێندەی تۆ خۆشنەویستووە" .
لە مارسی ١٩٣٩ فریدا دەگەڕێتەوە نیۆرك بۆلای نیکۆلاس، بەڵام لەوکاتەدا بۆی ڕوون دەبێتەوە نیکۆلاس پەیوەندیی لەگەڵ ژنێکی دیکەدا هەیە ئیتر پاش ئەمە پەیوەندیی لەگەڵ نیکۆلاس نامێنێت لە ئەپیریل دەگەڕێتەوە بۆ مەکسیك، لەم ماوەیەشدا هەر بە تەنیا دەژی. لە نۆڤەمبەری ئەمساڵەدا بە فەرمیی لەگەڵ دیاگۆش لە یەکتری جیا دەبنەوە. ئەم جیابوونەوەیە زۆر کاری لێدەکات و لەژێر ئەم ئازار و موعاناتە تابلۆی (Las Dos Fridays) دەکێشێت. لەوەبەدوا دیسان باری تەندروستیی بەرەو دژواریی دەڕواتەوە، لە ساڵی ١٩٤٠ دەچێتەوە فرانسیسکۆ بۆلای دکتۆر "ئیلۆسەر" ئەم دکتۆرە زۆر کەسێکی نزیك و برادەری هەردووکیانە، دکتۆر ئیلۆسەر قسە لەگەڵ دیاگۆش دەکات و ڕازیان دەکات بەوەی ژیانی هاوسەرێتییان لەگەڵ یەکدا پێك بهێننەوە. چونکە ئەم ڕاستییە لە هەردووکیان دەبینێت کە تا چ ئەندازەیەك یەکترییان خۆشدەوێت ؟ فریدا ڕازی دەبێت بەڵام بە دوو مەرج



"نە سێکس و نە پارە" واتە سێکس بەیەکەوە نەکەن و هیچ پارە و یارمەتییەکیش لە دیاگۆ وەرنەگرێت ! هەردووکیان بەم مەرجانە ڕازی دەبن، دووبارە لە ئاهەنگێکی میللی دا بۆ جاری دووەم زەماوەندی هاوسەرێتیان دەگێڕن. وە لە ساڵی ١٩٤١ فریدا باوکی بەهۆی (دڵ وەستان) ەوە دەمرێت. ئیتر فریدا بۆ یەکجاری لە "خانووی شین" دا دەمێنێتەوە و هەر لەوێدا دەژی. لەوکاتەشدا دیاگۆ لە خانوویەکی بچکۆلانەی گەڕەکی "سان ئەنجەلس" دەژی ئەم خانووە هەم ستۆدیۆ و هەم جێگای ژیانییەتی. لەم سەردەمانەدا فریدا تابلۆکانی زۆر بە گەرمی لە شارەکانی (مەکسیکۆ، نیۆرك، بۆستن، فیلادیلیفیا) لە پێشانگە هاوبەشەکان نمایش دەکرێت. فریدا لە ساڵی ١٩٤٤ خەریکی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی دەبێت، کە دواتر لە ڕێگەی یادەوەرییەکانی بە تەواوی کون و کەلەبەر و خەم و مەینەت و تەنیاییەکانی ئاشنا دەبین. لە ساڵی ١٩٥٠ جارێکی دیکە بۆ ماوەی نۆ مانگ دەکەوێتەوە نەخۆشخانە حەوت نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت و پەراسووەکانی بۆ دەکرێت، دیاگۆ لەم ماوەیەدا هەموو دەم لە گەڵیا دەمێنێتەوە و شەوانان لە ژوورەکەیدا دەخەوێت. بەم سەپۆرت و هاودڵێییەی دیاگۆ زۆر خۆشحاڵ دەبێت و بۆیە دەڵێت: "من تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بم دەبێت سێ شت بکەم، تابلۆ و تابلۆ و تابلۆ... !". لە ساڵی ١٩٥١ باری تەندروستیی زیاتر بەرەو دژواریی دەڕوات، وە ئازارەکانی زۆر زیاتر دەبن و ناتوانێت ئاسایی هاتوچۆ بکات. وەك کەسێکی کەمئەندام بە کورسی تایبەت هاتوچۆ دەکات. لەم ماوەیەشدا هەر خەریکی وێنەکێشان دەبێت، بەڵام لەبەر ئازارەکانی

کەمتر دەتوانێت کار بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی دوو ساڵ ١٥ تابلۆ تەواو دەکات، هەندێك لە تابلۆکانی لەسەر شێوەی ژیان و بیرکردنەوە و خەمەکانی خۆیەتی هەندێکیش ڕەسمی میوە و ڕووەك و شتە جوانە سروشتییەکانن. لە ساڵی ١٩٥٣ کاتێك دەزانن فریدا لە مردن نزیك بۆتەوە لەسەر داوای "لولا ئەلفریدۆ" وەك ڕێزلێگرتن و پاداشتێك لە شکۆمەندیی و لە هەوڵە ماندوونەناسەکانی ئەم ژنە هونەرمەندە



داهێنەرە یەکەمین پێشانگەی لە شاری مەکسیکۆ لە ١٣ی ئەپریل تا ١٧ی ئەپریلی ١٩٥٣ لە (گەلەری هاوچەرخی هونەریی مەکسیکۆ) بۆ دەکەنەوە، هەر چەندە دکتۆرەکەی فریدا ئاگادار دەکاتەوە کە ناتوانێت لەم پێشانگەیەی بەشداریی بکات، بەڵام فریدا گوێ بەم داوایەی دکتۆر نادات و لە کاتی دیاریکراو لەسەر قەلەویرەکەی بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەت دەیگەیەننە گەلەرییەکە، خەڵکەکە کاتێك فرێدا دەبینن سەریان سوور دەمێنێت، دیاگۆ و برادەرەکانی و کەسانی هونەرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان لە دەوری کۆدەبنەوە، لەنێو ئەم گەلەرییەدا خۆزگە جوانەکانی ئەم هونەرمەندە و ڕەنگە ناسکەکان و هێمنی مۆسیقا و زەردەخەنەی سەر ڕووخساری خەڵکەکان ئاوێزانی یەکتری دەبن و جوانترین دیمەن و تابلۆیەکی قەشەنگ پێکدەهێنن.



فریدا لە ساڵی ١٩٥٣ قاچی ڕاستی تووشی گانگرین دەبێت، لەخوار چۆکی ڕا قاچی ڕاستی دەبڕنەوە قاچی داری بۆ دادەنێن. لە یادەوەرییەکانی ئەم موعاناتەی بە وێنەیەك دەربڕیوە کە وێنەی قاچێکی کردووە و لە تەنیشتی نووسیویەتی: "من قاچم بۆ چییە کە دوو باڵم هەبێت بۆ فرین !". لە ساڵی ١٩٥٤ تابلۆیەك دەکێشێت لە تابلۆکە مارکسیسم وەك ڕێگاچارە و وەك دەرمانی هەموو دەردەکان پێشان دەدات،




هەر چەندە لە ساڵی ١٩٢٩ بە هۆی وەرگرتنی کۆمێنشنێك لە میری، دیاگۆ لە پلەی سەرۆکایەتیی گشتیی پارتی کرێکارانی مەکسیك دەهێندرێتە خوارەوە و دواتر هەر لە حیزب دەردەکرێت و پاشان فریداش واز لە حیزب و کاری حیزبایەتیی دەهێنێت، بەڵام هەتا دوا چرکەکانی ژیانی وەکو کەسێکی کۆمۆنیست و مارکسیست دەمێنێتەوە هەرگیز بۆ چرکەیەکیش باوەڕی بە مارکسیسزم لەق نابێت. لە ئەپریلی هەمان ساڵ بۆ چەند مانگێك لەژێر چاودێریی دکتۆردا دەبێت بەڵام لە ٢ی تەمووز بۆ جارێکی دیکە سەرپێچیی لە بڕیارەکانی دکتۆر دەکات و لەگەڵ دیاگۆ بەشداریی لە خۆپیشاندانێکی سەرشەقام دەکەن بە دژی ئەمریکا، بەهۆی دەستتێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی "گواتیمالا". ئەمەش دواهەمین دەرکەوتنی دەبێت لە شوێنە

گشتییەکان دا. لە شەوی ١٣ی تەمووز فریدا لە تەمەنی ٤٧ ساڵی لەنێو ماڵەکەی خۆی لە "خانووی شین" دڵی لە لێدان دەکەوێت و دەمرێت. وە دواهەمین تابلۆی هەشت ڕۆژ بەر لە مردن تەواوی دەکات، لە تابلۆیەکە وێنەی چەند شووتییەکی کێشاوە، بە وردبوونەوە لەم تابلۆیە هەست بەوە دەکەیت کە وا فریدا چ باوەڕێکی قووڵی بە ژیان هەبووە. چەندە بە ناسکیی لە ژیانی ڕوانیوە، لەسەر شووتییە نەشکاوەکە لەلایەك دەکرێت خوێندنەوەی ئەوەی بۆ بکەین کە وا لە پڕۆسەی کێشە و ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت هێشتا زۆرێك لە نهێنییەکان ماوە مرۆڤ دەستی پێڕانەگەیشتووە و کەشفی نەکردووە، وە لەلایەکی دیکە دەکرێت خوێندنەوەی بەردەوامبوونی ژیان و کۆتایی نەهاتنی ژیانی بۆ بکەین، لەسەر ڕووی دەرەوەی شووتییەکەش ڕەنگە تاریك و ئاچوغەکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەیش باکراوندی تابلۆکە ململانێکانی نێوان ڕووناکیی و تاریکیی یان دەکرێت ئەمەش ململانێکانی نێوان ژیان و مردن بێت یان مردن و لە دایکبوونەوە بێت، وە لەژێر تابلۆیەکەش نووسیویەتی: "Viva La Vida"واتە بژی ژیان. ماوەیەك بەر لە مردنی لێی دەپرسن... دوای مردنت چی لەلاشەکەت بکەین؟ ئەویش لە وەڵامدا دا دەڵێت: "بیسووتێنن، من نامەوێت بە خاکی بسپێرن، چونکە من کاتێکی زۆرم بە ڕاکشان و پاڵکەوتن بەسەر بردووە، بەس بیسووتێنن !". وە خۆڵەمێشەکەی لە خانووی شین هەڵدەگرن. دوای مردنی فریدا، دیاگۆ خانووی شین بەخۆڕایی دەدات بە میری وە دیاگۆش دوای سێ ساڵ واتە لە سیڵی ١٩٥٧ دا دەمرێت. وە لەلایەن میرییەوە بەشێوەیەکی فەرمیی لە ١٢ی



تەموزی ١٩٥٨ خانووی شین وەکو مۆزەخانە دەکرێتەوە و بە مۆزەخانەی فریدا ناودەبردرێت.

# فریدا کالۆ و سوریالیزم

"من هەرگیز خەونەکانم نەکێشاوە، ئەوەی کێشاومن ژیانی ڕاستەقینەی خۆم بووە!" فریدا کالۆ

کاتێك فریدا گرنگیی دەدات بە ترادیشن و فۆلکلۆر و تەقالیدە میللییەکان ئەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە زۆر شانازیی بە هونەرمەندە شێوەکارییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەکرد، وەك: (جۆسی ماریا، جۆسی ئۆگستین ئاریتا، هێرمین گیلدۆ یوستوس). هەمان کات موعجەبیش بوو بە هونەرمەندە ئیتاڵییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، ئەم



کاریگەریانەش لە تابلۆکانیدا بە ئاشکرا دەبینردێت. بەڵام کاتێك" ئەندریۆ بریتۆن" لە ساڵی ١٩٣٨ تابلۆی (ئاو چی پێبەخشیووم) دەبینێت و فریدا بە سوریالیست ناو دەبات،



لەوکاتەدا نەك هەندێك لە نووسەران و هونەرمەندان بەڵکو فریدا خۆشی هەست بە ناتەباییەك و هاودژییەك دەکات. وە هەرگیز ناسنامەی هونەری خۆی وەك سوریالیستێك ڕانەگەیاندووە. بۆیە لە چاوپێکەتنێك لە ساڵی ١٩٣٨دا دەڵێت: "من نەمدەزانی سوریالیستم، تاکو ئەندریۆ بریتۆن هاتە مەکسیك و پێی گوتم ". هەروەها کاتێك فریدا لە ساڵی ١٩٣٩ دەچێتە پاریس وە لەوێدا پێشانگەی تایبەتیان بۆ دەکەنەوە، سوریالیستەکان فریدا بە سوریالیست ناو دەبەن، وە لە کتێبی "ئیزمەکان... تێگەیشتنێك بۆ هونەر" لە بەشی قوتابخانەی سوریالیزم، ناوی فریدا کالۆ لەپاڵ سلفادۆر دالی و ماکس ئێرنست و هانس ئارپ و پۆل کلی،... ناوی فریدا بە سوریالیست هاتووە وە لە ساڵی ١٩٤٠ یش بەشداری پێشانگەی ئینتەرناشیونالی سوریالیستەکان دەکات لە شاری مەکسیکۆ، وە لە زۆر سەرچاوەی دیکەیش بە سوریالیست ناوی دەبەن لەپاڵ ئەمانەش کەسانی دیکەیش هەن بیروڕای جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە. بۆ نموونە:

دیاگۆ، فریدا بە کەسێکی ڕیالیست ناو دەبات، لە ساڵی ١٩٤٣ لە وتارێکدا بە ناوی (هونەری مەکسیکیی و فریدا کالۆ) دەنووسێت: "لە پانۆرامای هونەری مەکسیکیی لە ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا، ئیشەکانی کالۆ وەکو ئەڵماس بە سیمایەکی ڕەونەق و دیار و گەش دەدرەوشێنەوە، وەهەروەها ئەوەش دەڵێت: "ڕووبەرێکی پانوپۆڕی ڕیالیزم لەنێو تابلۆکانی فریدا دەبینردێت". مێژوونووسی هونەریی" ئەنتۆنیۆ ڕۆدریگس دەنووسێت: "من بە سەرسوورمانەوە و بە شتێکی چاوڕێنەکراوی دەبینم،

من زیاتر لەژێر چەتری ڕیالیزمەوە دەڕوانم) هەروەها "میشێل کوڤاروبیەس" فریدای وەکو سوریالیستێك لە نووسینی (سەدەی بیستەم و هونەری مەکسیکیی) نەناساندووە، وە "جولین لیڤی" یش فریدا وەکو سوریالیستێك ناناسێنێت و تەنانەت لە خوێندنەوەیك بۆ تابلۆی (ئاو چی پێبەخشیووم ؟)دا دەڵێت: "دەتوانین وەکو تابلۆیەکی ڕیالیزمیی سەیری ئەم تابلۆیە بکەین، چونکە فریدا لەم تابلۆیەی خەونەکانی منداڵی و ئێستای بەیەکەوە گرێ دەدات و گەمەیەکە لەنێوان خەون و خەم و ئومێدەکانی)، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیی سەیری هونەری شێوەکاریی ئەمریکای لاتینیی ئەوکاتە بکەین دەبینین لە زۆربەی ولاتەکان بۆ نموونە: لە بەڕازیل شانیتا مالفاتی و تارسیلا دو ئەمەرال لە کوبا فولگینیسیۆ باتیستە و ئەمیلیا پلییز لە مەکسیکۆ دیاگۆ و فریدا کالۆ و ئەلفارۆ سیگوریۆ و ماریا ئەزکویردۆ لە کۆلۆمبیا بێرنەندۆ بۆتێرۆ،... هتد. نزیکەی هەر هەموویان هونەرمەندی سەردەمێکن تەمەنیان لە یەکترییەوە نزیکە، هەموویان بە گشتیی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەژێر کاریگەریی پۆست ئیمپرێشنیزم دا دەبن، کاریگەرییەکانی پول گاگین بەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم بە تەواوی بەسەریانەوە دیار دەبێت، دوای ئەمە دەکەونە ژێر کاریگەری کوبیزم، پاشان سوریالیزم بە تایبەت پاش ئەوەی شێوەکارانی دادایی دەبن بە سوریالی وە بە تایبەت دوای سەفەرەکەی ئەندریۆ بریتۆنیش بۆ مەکسیك ئەم گۆڕانە بەسەر زۆرێك لە شێوەکارانی ئەمریکای لاتین ڕەنگ دەداتەوە، وە بەدوای ساڵەکانی ١٩٢٠ەوە موڕالیزمی مەکسیك لەسەر دەستی دیاگۆ ڕیڤێرا



وەکو ڕێبازێك و قوتابخانەیەك دەردەکەوێت وە کاریگەرییەکانی ئەم ڕێبازە تازەیە بەسەر ئەمەریکای باکووریش دیاردەبێت، فریدا کالۆ نەك تەنها سوریاایزم، بەڵکو تواناو بەهرەکەی خۆی لەگەڵ زۆرێك لە قوتابخانە و ڕێبازە هونەرییەکان تاقی کردۆتەوە ئەوەتا لە تابلۆی (Madelia) کاریگەریی کوبیزم و ستایلی کوبیزمیی بەکارهێناوە، لە هەندێك تابلۆی دیکە سومبولیزم لە هەندێکی دیکە ڕیالیزم ئیتر بە ستایلی جۆراوجۆر ئیشی کردووە. وە کتێبی (هونەری ئەمەریکای لاتین) لە چەند شوێنێك باس لەوە دەکات کە وا هونەرمەندی شێوەکار "ماریا ئیزکویردۆ" زۆر لە فریدا وە نزیکە وەکو ئەم ئێش و ئازار و موعاناتەکانی خۆی کێشاوە و ئیلهامی لە هونەری فۆلکلۆر و ترادیشن و کۆلۆنیالی مەکسیکیی وەرگرتووە، چونکە خۆی لە خۆیدا دابونەریت ڕیشەیەکی زۆر بەهێزی هەیە، لە ئەمریکای لاتین کە کاریگەرییەکانی بەسەر هەموو لقە ئەدەبیی و هونەرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. دەکرێت، ئەوەش بڵێین: بە پێی ئیشکردن و گرنگیدانی فریدا بە مەسەلە ئیرۆسییەکان و ڕەسمکردنی لاشەی ڕووت و وەکو فیمینیستێکیش پێداگرتن لەسەر مافەکانی ژنان و وەستانەوە بە دژی توندوتیژییەکانی ڕەگەزی نێر، وە ئیشکردن لەسەر ڕووبەری هەستە نەستییەکان... لەمانەوە دەتوانین بڵێین: فریدا لە سوریالیستەکانەوە نزیك بووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی بە پێی سەرچاوەکان و بەپێی تابلۆکانی ناتوانین فریدا کالۆ بە ڕێبازێك یان سەر بە قوتابخانەیەکی دیاریکراو بناسێنین.

## فریدا کالۆ و (Self Portrait)

فریدا یەکێك لەو هونەرمەندە شێوەکارییانەیە کە زۆرترین پۆرترێتی خۆی کێشاوە، لە کۆی ١٤٣ تابلۆ ٥٥ تابلۆی پۆرترێتی خۆیی و کەسانی دیکە بووە کە لێیان پرسیوە بۆچی هێندە تابلۆی پۆترێتی خۆتت کێشاوە؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: "چونکە من هەمیشە تەنیا بوویمە و زۆر هەستم بە تەنیایی کردووە...". فریدا لەو نامانەی کە بۆ ئەلجێندرۆی نووسیوە بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە چۆن هەمیشە ژان و تەنیاییەکانی



خۆی نووسیوەتەوە. لە نامەیەکدا دەڵێت: "ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە دنیا تا ئازار بچێژین...". لەنێو پۆرترێتەکانیش ئەگەر لە ڕەنگ و باکراوند و سیماکان بڕوانین هەست بەم ئازار و بارە دەروونییە خەمناکەی دەکەین، فریدا بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ماڵەوە لەنێو جێگادا دەکەوێت تاکە ڕێگایەك کە دەیتوانی بەهۆیەوە تەعبیر لە خۆی بکات، تابلۆکانی بوون، کەهلۆ خۆیی و دەروونی خۆیی و موعاناتەکانی ڕەسم کردووە. تابلۆکێشان بۆ ئەو تەنها شتێکی ئارەزوویی نەبووە، بەڵکو هۆکارێك بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان و مەینەتییەکانی، (ڤانکۆخ) یش یەکێك لەو هونەرمەندانە بووە، پۆرترێتی خۆی زۆر کێشاوە بەڵام نەك بە ئەندازەی فریدا بەڵام جیاوازییەك لەنێوان پۆرترێتەکانی ڤانکوخ و فریدا ئەوەبووە،



لەنێو پرۆترێتەکانی ڤانکوخ گۆشەیەك لە گۆشەکانی ژیانی دەبینی یان بارە دەروونییەکانی زەمەنێکی دیاریکراوی ڤانکوخ دەخوێنینەوە. بەڵام لەنێو پۆرترێتەکانی فریدا هەموو ژیانی دەخوێنینەوە، نەك تەنها زەمەنێکی دیاریکراو ! بەماناییەك دەتوانین مێژووی ژیانی کالۆ لەنێو پۆرترێتەکانی بخوێنینەوە. چونکە کالۆ بەهۆی پۆرترێتەکانیەوە، سەرتاپای کەسایەتیی و ژان و باری دەروونیی و پەیوەندییەکان و هەموو شتێکی خۆی کێشاوە .دەکرێت ئەم شێوە کارکردنەی فریدا، کارکردن لەسەر پۆرترێتەکان و کێشانی خودی خۆی لەنێو تابلۆکانیدا ئەمە وەکو ستایلێکی هونەریی، فریدا کالۆی پێ بناسینەوە.

## فریدا کالۆ و یادەوەرییەکان

دەفتەری یادەوەرییەکانی فریدا ناتوانین تەنها لە رووی کرۆنۆلۆژییەوە سەیری بکەین، تەنها تۆمارکردنی رووداوەکان و گێڕانەوەی رووداوەکان نین پڕاوپڕن لە وێنە و نیگاری جوان جوان و خەیاڵی شاعیرانە، هەروەها هەستی شاعیرانەی قووڵی بەکارهێناوە لە دەربڕینی وشە و



خەیاڵی فەنتازیایی و وەسفکردنی تخوبەکانی نێوان مەرگ و ژیان. دوای ئەوەی لە ١٣ی ئۆگستی ١٩٥٣ قاچی راستی دەبڕنەوە لە لاپەڕە ١٣٤ی یادەوەرییەکانی لەپاڵ تابلۆیەك دەنووسێت: "من قاچم بۆ چییە کە دوو باڵم هەبێت بۆ فڕین". ئەمە دەربڕینێکی هێندە شیعرییە پڕاوپڕە لە هەست و سۆز و خەیاڵی شاعیرانە، یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "دیاگۆی من، من چیتر بە تەنیا نابم، تۆ هەمیشە هاودەمم بە، لایلایەم بۆ بکە تا بخەووم، وام لێبکە بژییمەوە) دەکرێت دەفتەری یادەوەرییەکانی هەم وەکو دیوانێکی شیعری هەم وەکو ئەلبومێکیش نەخشێنداراوە بە نیگار و تابلۆی هونەریی سەرنجڕاکێش یان وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی بخوێنینەوە، چونکە هەروەك لە سەرەتاوە نووسیومانە لە سەردەمانی شۆڕشی مەکسیك ئەو تەمەنی چوا پێنج ساڵان بووە، لەنێو بیرەوەرییەکانی ئەو مێژووەمان بە



چاوی منداڵێکی چوارساڵانە بۆ دەگێڕێتەوە چەند میهرەبان و بەخشندەییە منداڵێکی چوارساڵانە مێژوومان بۆ بگێڕێتەوە، دەبێت چ شتێك لەمە راستەقینە و بێگەردتر هەبێت! لەلایەکی دیکە پڕاوپڕە لە خەیاڵی پاك و بێگەردی منداڵانە، خاڵێکی دیکە توانا و بەهرەیەکی بێوێنە دەبینرێت لەوەی کە هەمیشە بە سەلیقەیەکی هونەرییەوە خەریکی نووسینەوەی خۆی بووە، چ لەنێو تابلۆکانی چ لەنێو یادەوەرییەکانی، لە شوێنێکی دیکەی یادەوەرییەکانی زۆر مرۆڤانە باس لە ئازار و موعاناتەکانی ئاژەڵان دەکات، کە خۆشەویستییەکی بێئەندازەی بۆیان هەیە، هەر لەنێو یادەوەرییەکانی تابلۆیەکی هەیە بەناوی "سەما بۆ خورەتاو" تابلۆکە بریتییە لە کۆمەڵە ئاژەڵێك لەکاتی سەمادا، هەروەها لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا وەك ئەوەی زانیبێتی لە مردن نزیك بۆتەوە، زۆرێك لە وێنەکانی لە سەر میوەجات و ئاژەڵ و لەنێو یادەوەرییەکانی لە لاپەڕەکانی کۆتایی لە زۆر شوێن وێنەی ئەسپی کێشاوە یان وێنەکانی خۆی باڵی بۆ کردوون لە چەشنی فریشتەکان، وە زۆر خەمباری ئەوەیە کە ئاژەڵان لەکاتی موعانات و دڵتەنگیان دا ناتوانن هەست و خەمەکانیان پیشان بدەن وە یان دەربڕن! لەنێو یادەوەرییەکانی هەست بە عەشقێکی شێتانە دەکەین بەرامبەر بە دیاگۆ، لە زۆرێك لە نووسینەکانی ئەم خۆشەویستییەی خۆی دەربڕیوە کە لە خۆیی و لە هەموو کەسی دیکەی خۆش ویستووە، ئەوەتا لە شوێنێك زۆر شاعیرانە بۆی دەنووسێت: "دیاگۆی من، ئاوێنەی شەوانم، چاوە سەوزەکانی تۆ دەبریسکێنەوە لەنێو مندا، شەپۆل دەدەن لەنێو دەستەکانمدا، ئێوە لەنێو بۆشاییەکاندا پڕاوپڕن

له دەنگ پڕاوپڕن له سێبەر و پڕاوپڕن له ڕووناکیی... لە کۆتاییەکەش دەنووسێت وا هەست دەکەم جەستەم بە ئامێز و مەچەکەکانی تۆ دەورە دراوە!". یان لە شوێنێکی دیکە مەبەستیی نووسینەکەی ئەوەیە و دەڵێت: "من ماچ بە ڕووبار دەبەخشم و خۆشەویستیش بە دیاگۆ". یادەوەرییەکانیشی لە کتێبێکی جوان و قەشەنگ کۆکراونەتەوە و بە چاپ گەیاندراوە، وە لە لایەن (کارلۆس فێنتەس)ەوە پێشەکیی بۆ نووسراوە.

## فریدا کالۆ و قۆناغی دوای مردن

دیارە لە سەرەتاوە فریدا هیچ جۆرە نەخشە و پلانێکی لە خەیاڵ نەبووە کە ببێتە"نیگارکێش یان هونەرمەندی شێوەکاریی" بەڵام وەکو باسمان کردووە ڕووداوە تراژیدییەکەی ئازاری ١٩٢٥ هەموو نەخشە و ئاڕاستەکانی ژیانی گۆڕیوە. ئەو حەزی دەکرد پلەی بەرزی خوێندن تەواو بکات و ببێتە پزیشك. هەر بە ڕێکەوت بۆ ڕەواندنەوەی هەستە تەنهاییەکانی دەستی بە نیگارکێشان کردووە، بەڵام هێندە بەهرەدار بوو لەم بوارەدا توانی لە ماوەیەکی زۆر کەم مێژوویەکی درەخشان و پڕ لە سەروەریی لە ئاستی دنیا بۆ خۆی تۆمار بکات، وە لە هەموو ژیانیدا تەنها






سێ پێشانگای تایبەتیی خۆی کردۆتەوە لە (ئەمریکا و فەڕەنسا و مەکسیك) بەڵام بە ماوەیەکی زۆرکەم دوای مردنی ناوبانگی هونەریی تا ئاستێکی بڕوانەکراو بە دنیادا بڵاوبۆتەوە، بڕواناکەم هیچ هونەرمەندێك هێندەی فریدا لە کورترین ماوەدا بەم شێوە ئەفسانەییە باسی کرا بێت، بە تایبەت لە مەکسیك و ئەمریکای لاتین و تا ئاستێك ئەورووپاش. فریدا یەکێکە لەو هونەرمەندە نیگارکێشانەی بە بەردەوامیی لە گەلەرییە بەناوبانگەکانی دنیا تابلۆکانی نمایش دەکرێت و تاکو ئێستا زۆرترین تابلۆی فرۆشراوە. "پابلۆ پیکاسۆ" بە شێوەیەك باسی فریدا دەکات، کە ڕەنگە بۆ دیاگۆ زۆر دژوار بێت تا ئەوئاستە باسی گەشە و گەورەیی فریدا بکات. پیکاسۆ لە نامەکەدا دەنووسێت: "نە دیدەین و نە من و نە تۆ، ئەو توانایەمان نییە لە نیگارکێشان دا بەو ئاستەی فریدا کەهلۆ بەخێرایی بۆ پێشەوە برۆین) وە هەمیشە بە شێوەی ئەفسانەیی یادی دەکەنەوە و ناوی دەهێندرێت .لە پاییزی ١٩٧٧ حکومەتی مەکسیك گەورەترین و شکۆدارترین پیشانگای بۆ تابلۆ و ئیشەکانی کالۆ دەکاتەوە، بۆ ڕێزگرتن و شانازیکردنیان بەم هونەرمەندە پایەدارەیان، تا ئێستا



٢٧ کتێب لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی نووسراوە بەناوبانکترینیان کتێبەکانی "هایدن هیریر"ن، هەروەها تاکو ئێستا ٩ فلیم لەسەر ژیان و

بەرهەمەکانی وەبەرهەم هاتوون، بەناوبانگترینیان فلیمـی (Frida)یـە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دەرهێنانی "جولی تەیمۆر و لە نواندنی سەلما هەیاك و ئەلفرێد مۆلینیا" ئەم فلیمە یەکێکە لە فلیمە سەرکەتووەکانی هۆلیـۆد ئێستا دوو جار خەلاتی ئەوسکاری وەرگرتووە،

## چەند تابلۆیەکی فریدا کالۆ









## سەرچاوەکان :


١- Frida Kahlo – The Paintings
Author: Hayden Herrera

٢- Frida
A biography of Frida Kahlo
Author: Hayden Herrera

٣ -Frida Kahlo and Diego Rivera
Author: Isabel Alcantaro
And Sandra Egnolff

٤ - The Diary of Frida Kahlo
Author: Frida Kahlo with Introduction
by Carlos Fuentes

٥ - Artists
Who changed the world?
Barbara Krystal

٦ - ISMS





Understanding Art
Stephen Little

٧ -the century٢٠Latin American art of
By: Lucie Smith Edward

٨- چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت تایبەت بە فریدا کالو

## گرووپی حەوت (Group of Seven)

### کورتەیەك دەربارەی پێکهاتنی گرووپی حەوت:

لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەم لە کەنەدا، چەند هونەرمەندێکی خەیاڵ ناسك و دەست و پەنجە ڕەنگین، ئەو مرۆڤانەی کە پیرۆزیی و پاکیی و بەرائەتی مرۆڤیان لەنێو ڕەنگ و نیگار و جوانییەکانی سروشت و هونەر دەبینیەوە. ئەو مرۆڤانەی خەون و خولیاکانیان پڕاوپڕ بوو لە لە فەنتازیای هونەریی ئەوانەی دەیانەویست



لە ڕێگای هونەرەوە ژیان جوانتر و جوانتر بکەن. ئەوانەی لەنێو خەیاڵە ڕۆمانسییەکانی نێو ڕەنگ و



نیگارەکانیان بە دوای حەقیقەتی جوانیی دا دەگەڕان. ئەم هونەرمەندانە بە دوای ساڵی ١٩١١ لە سەرەتاوە، چەند کەسانێکیان لە ڕێگای (کۆمپانیای دیزاینی هونەریی) لە شاری تۆرینتۆی کەنەدا، واتە لە ڕێگای کارە هونەرییەکانی شوێنی کارکردنیان ئاشنایەتیی لەگەڵ یەکدا پەیدا دەکەن و وردە وردە لە یەکتری نزیك دەبنەوە و دەبن بە هاوڕێی یەکتری. هەروەها شەوانیش لە (یانەی هونەر و نامەکان The Arts and Letters Club") لە دەوری یەك مێز کۆدەبوونەوە و تا درەنگی شەو درێژەیان بە گفتوگۆی هونەریی دەدا. هونەرمەندەکانی گرووپی حەوت لە سەرەتا پێکهاتبوون لەمانە: (فرانکلین کارمیشێل، لۆرین هەریس، ئەی وای جاکسن، فرانك جۆنستن، ئارسەر لیزمێر، جەی ئی ئێچ مەکدۆناڵد، فرێدریك ئێچ ڤەرلی، تۆم سۆمسن،...هتد.) بە دوای ساڵی ١٩١٣ وەکو گرووپ دەردەکەون. لەنێو گفتوگۆکانیان سەرباری ئەو جیاوازییانەی لەگەڵ یەکتریدا هەیان بوو، بەڵام لە زۆرێك ڕووی دیکەی هونەریی نیگارکێشان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگ و ستایل و زۆر شتی دیکە لە یەکترییەوە نزیك و هاوڕابوون. لە ستۆدیۆکانیان جارجارە بەیەکەوە نیگارەکانیان دەکێشا. دوو دوو سێ سێ، بەیەکەوە دەچنە گەشت و گەڕان و بە دوای پارك و تاڤگەو دیمەنە جوانەکان دەگەڕێن و سکێچەکانیان دەکێشن. زۆربەی شوێنەکانی کەنەدا دەگەڕێن. دەڕۆن بۆ ئەو شوێنە سەختانەی کە ڕەنگە مرۆڤەکان بە خەونی شەوانیش ڕێگەیان نەکەوێتە ئەو شوێنانە. جارجارە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات دەکەن بە تایبەتی ئەمریکا، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هونەری هاوچەرخیی ئەم

ولاتانە ببینن. ئەم هونەرمەندانە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەم شێوەیە وەکو گرووپ دەمێننەوە بەڵام، خۆیان وەکو گرووپێکی دیاریکراو ڕاناگەیەنن. هۆیەکەش بۆ دوو خاڵی سەرەکیی یان باشترە بڵێین: بۆ دوو کارەساتی تراژیدی دەگەڕێتەوە. یەکەم: تراژیدیای بەرپابوونی شەڕی جیهانیی یەکەم. دووەم: تراژیدیای گیان لە دەستدانی هونەرمەندی چالاك و ناودار تۆم سۆمسن، کە لە جولای ١٩١٧ لە دەریاچەی کەین Cane دا دەخنکێت. ئەم دوو کارەساتە تراژیدییە بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەم کۆمەڵە هونەرمەندە لە کار و چالاکییەکانیان سست و خاو دەکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ڕوودانی ئەم کارەساتانەش بە هەر شێوەیەك بوویێت بەردەوام دەبن. تا لە حەوتی مەی ساڵی ١٩٢٠ یەکەم پێشانگای خۆیان بە ناوی گرووپی حەوت نمایش دەکەن. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٠ وەکو گرووپ خۆیان ڕادەگەیەنن.



## گرووپی حەوت و سروشتیی کەنەدا

گرووپی حەوت لەگەڵ ئەوەی هەموویان لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی هونەریی ئەورووپیی ئیمپرێشنیزم دا دەبن. بەڵام، لەنێو کارە هونەرییەکانیان زیاتر گرنگییان بە دیمەن و سروشتیی کەنەدا دەدا. زیاتر وێنەی تاڤگەکان و پارکەکان و وەرزەکان و دیمەنە ڕازاوە و دڵگیرەکانیان دەکێشا. بە شێوەی هونەریی و ستایلی زۆر تازە. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە



بوویێت کە لەو سەردەمانەی ئەواندا وڵاتی کەنەدا وڵاتێکی تازە بووە. هەست و سۆزو خۆشەویستیان بۆ خاك و دیمەنە جوانەکانی وڵاتەکەیان لە ئاستێکی بەرز دا بووە. هۆکارێکی دیکە ئەوە بووە، کە وا کەنەدا وڵاتێکی گەورە و پان و پۆڕبووە لە ڕووبەردا. دووەم وڵات بووە لە جیهان دا لە پانوپۆڕی و گەورەیی بە دوای یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکاتە. بۆیە گرنگیی زۆریان بە دیمەن و سروشتیی وڵاتەکەیان داوە. کە نیگارەکانیان دەکێشا هەر بۆ ئەوە نەبوو تەنها ئەوە پێشان بدەن کەوا دیمەنەکان چۆن دەردەکەون، بەڵکو زیاتر مەبەستیان ئەوە بوو کە خەڵکەکان چۆن هەست بە دیمەن و سروشتیی وڵاتەکەیان دەکەن. خەڵکەکەش تا ئاستێکی بێوێنە بە نیگار و ڕەنگ و ستایل و شێوەی کارە هونەرییەکانیان سەرسام بوون.

هونەرمەندانی گرووپی حەوت بە شێوەیەك ناوبانگیان پەیدا کردبوو کە هونەریی نیگارکێشان (تەشکیلی) کەنەدا لەم سەردەمانە بەم گرووپە دەناسرایەوە. هەتا ئەمڕۆش هەرکەسێك بیەوێت لێکۆڵینەوەك یان مێژوویی هونەریی نیگارکێشانی کەنەدی بنووسێتەوە، بەبێ ئاوڕدانەوە لە کار و چالاکییەکان و ڕۆڵ و نەخشی گرووپی حەوت مانایەکی نابێت.

## گرووپی حەوت و هونەرمەندانی دیکە

لەگەڵ ئەوەی گرووپی حەوت لە یەك گرووپ کاریان دەکرد و لە زۆر ڕووەوە لە یەکتری نزیك بوون. بەڵام لە هەندێك مەسەلەی گرنگی هونەریی جیاوازیشیان هەبوو. بۆ نموونە: هونەر مانای چییە؟ یاخود نیگارکێشان مانای چییە؟ زۆر لە سەر ئەوە کۆك نەبوون کە مانایەکی دیاریکراو بۆ هونەر و نیگارکێشان دابنێن. هەریەکە و لە سۆنگەی ڕووانینەکانی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگ و فیگەر و نیگارەکان دەکرد و بەڵام، شێوەی کارکردن و ستایلە هونەرییەکانیان لە یەکترییەوە نزیك بوو، لە هەمان کات لەگەڵ هونەرمەندانی سەردەمی خۆشیان ئەوانەی لە دەرەوەی گرووپی حەوت بوون هەندێك نزیکایەتیی و جیاوازییان هەبوو... لە خوارەوە هەوڵ دەدەین ناسراوترین هەنەرمەندی نیگارکێشی کەنەدی ئەو سەردەمانە بخەینە ڕوو.






## ئمیلی کار (١٩٤٥ - ١٨٧١)

ئمیلی کار، یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوەکانی سەردەمانی گرووپی حەوت. ستایل و شێوەی کارکردنی تا ئاستێك لەگەڵ هونەرمەندانی گرووپی حەوت نزیك بوو. ئەویش گرنگیی زۆری بە دیمەنەکان و ئاسمان و دارستان و با و باران و سروشتی کەنەدا دەدا. بەڵام هیچ کاتێك ئەندامی گرووپ نەبووە.

## دەڤید میلن (١٩٥٣ - ١٨٨٢)

ئەم هونەرمەندە گرنگیی بە ئەبستراکت دەدا. زۆرجاران وێنەی دەنگەکانی دەکێشا. ڕەنگ و بۆشایی و دەنگ، بە شێوەیەکی کاریگەرانە لەنێو تابلۆکانی دەبیندرا. جارجارەش وێنەی خەڵك و دیمەنەکانی دەکێشا.

## پاراسکیڤا کلارك (١٩٨٦ - ١٨٩٨)

ئەم هونەرمەندە زیاتر هەوڵی دەدا لە ڕێگەی نیگارکێشانەوە قسە لەسەر دەسەڵات و باری سیاسیی کەنەدا و مافەکانی مرۆڤ بکات. بۆ نموونە: تابلۆیەکی بەناوبانگی هەیە، لەنێو تابلۆکەیدا ئەوە پیشان دەدات... پیاوێکی دەوڵەمەند و پۆلیسێك لە پیاوێکی هەژار دەدەن. لەوکاتانەی هەژارەکان شەڕ و خۆپیشاندانیان دەکرد بۆ مافەکانی خۆیان.

## فرانسیس لۆرینگ (١٩٦٨ - ١٨٨٧)

فرانسیسی هونەرمەند شێوەی کارکردنی سیرامیکی بوو. کەللەسەر و پەیکەری مرۆڤی لە پلاستیك و دار و بەرد دروست دەکرد. لەم ڕێگەیەوە ئامانج و خواستەکانی خۆی لەنێو کارە هونەرییەکانی دەخستەڕوو. شێوەی کارکردنی تەواو جیا بووە لە هونەرمەندانی گرووپی حەوت.

## گۆڕانی گرووپی حەوت بە (گرووپی نیگارکێشانی کەنەدی)

هونەرمەندانی گرووپی حەوت چ لە سالآنی پێش پێکهاتنی گرووپ چ لە سالآنی دوای پێکهاتنی گرووپ. کارە هونەرییەکانیان پڕ بایەخ و جێگای سەرسامیی بووە. بە مانایەك ئەم گرووپە مێژوویەکی درەخشانیان لەنێو مێژووی هونەریی نیگارکێشانی کەنەدا تۆمارکردووە.



گرووپ لە سەرەتاوە لە حەوت هونەرمەند پێکهاتبوون. ڕەنگە هۆکارەکەش هەر ئەمە بووبێت کە ناوی گرووپی حەوتیان بۆخۆیان هەڵبژارد بێت. گرووپی حەوت لە



ساڵی دامەزراندنیانەوە تا کۆتاییان، چەند ئالۆگۆڕێك بەسەر گرووپەکەیان دادێت ئەمانەی خوارەوە بەشێکیان بوون.

لە ساڵی ١٩٢٤ (جۆنستن) لە گرووپ دەچێتە دەرەوە. لە ساڵی ١٩٢٦ (کارمیشێل) دێتە نێو گرووپەوە. لە ساڵی ١٩٣١ (هۆلگێت) دێتە نێو گرووپەوە. لە ساڵی ١٩٣٢ (فیتنرگیرالد) دێتە نێو گرووپەوە. وە لە ساڵی ١٩٣٣ گرووپی حەوت ناوی خۆیان دەگۆڕن و بە ناوی، گرووپی نیگارکێشانی کەنەدی ( Canadian group of painters) درێژە بە چالاکیی و کارە هونەرییەکانیان دەدەن.

## - چەند تابلۆیەکی هونەرمەندانی گرووپی حەوت

















**سەرچاوەکان :**

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.**

-Meet the Group of Seven
David Wistow and Kelly Mekinley
The Art Gallery of Ontario

-A concise History of Canadian Painting
-Second Edition
-Dennis Reid

-The Group of Seven
And Tom Thomson

- چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت دەربارەی گرووپی حەوتەوە.

## خوێندنەوەیەك بۆ تابلۆكانی هونەرمەند (ئۆرمێرا لۆلەنج)

### ئۆرمێرا لۆلەنج (Ormira lulanaj) كێیە؟

ئۆرمێرا لە ماڵپەڕە تایبەتیەكەی خۆیدا دەنووسێت: "من لە ئەلبانیا لە دایكبووم، لە وڵاتێكی بچووك و پرشنگ، من لە منداڵییەوە



حەزم لە وێنەكێشانە. لەو كاتەوە لەژێر كاریگەرییەكان و هاندانەكانی باوكمدا بووم كە (هونەرمەندێكی بێوێنەیە). من لە ڕێگای تابلۆكانمەوە تەعبیر لە هەست و سۆز و ئەو وشانە دەكەم كە ناتوانم دەریان ببڕم. وێنەكانم ڕەنگاوڕەنگ... بیرۆكەكانم خەونەكان و هەست و سۆزمن كە بە قووڵی لەنێو ناخمدان. ئەفسانەكان و گۆرانییەكانی خەڵكی وڵاتەكەم، دابونەریت و شێوەی جلوبەرگ و ئایین و



دیمەنی ئەندازەیی شارەكەم و هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ كاریگەرییان هەیە بەسەر تابلۆكانمەوە. بینین و ڕوئیاكانم بۆ وڵاتەكەم هەمیشە ئیلهامم پێدەبەخشێت لەنێو ئیشەكانم دا).

## خوێندنەوەیەك بۆ تابلۆكانی ئۆرمێرا

ئۆرمێرا یەكێكە لەو هونەرمەندە مۆدێرنیستانەی كە بە دیدێكی تازەوە تابلۆكانی دەكێشێت. خەم و خەیاڵ و خەون و ئازارەكانی ژنانەن. دەتوانین بڵێین (جیهانی مێ) بە بەرینایی خۆی لەنێو تابلۆكانی ڕاكشاوە. خەون و خەیاڵەكانی مرۆیین، واتە مرۆییانە لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤ دەڕوانێت. خەمی مرۆڤی لە كۆڵدایە لەنێو ڕەنگ و فیگەر و هێڵەكانی نێو تابلۆكانی دەریان دەبڕێت. ئۆرمێرا هونەرمەندێكی هەست ناسكە و خەیاڵ و بیركردنەوەكان و تابلۆكانیشی ڕەنگینن. لەنێو تابلۆكانیدا، سەرەداوی ئەفسانە و ئەو بیرۆكانەت دەست دەكەوێت كە ئۆخژن بە ڕۆح و فێنكایی بە دڵ دەبەخشن. ئۆرمێرا هونەرمەندێكی كەنەدییە و



بە ڕەگەز ئەلبانیە، وەك هەر كەسێكی كۆچبەر ئەویش لەگەڵ خەم و

ژانەکانی غوربەت و دابڕاندا دەژی. وڵات و دابونەریت و ئایین و یادەوەرییەکانی دوێنێی کاریگەریی زۆریان هەیە بەسەر تابلۆکانیەوە .کەسەکان و گەڕەك و شەقامەکانی شارەکەی لەنێو هەستی بێئاگایی دا خەوتوون و لەنێو تابلۆکانیدا بە دەردەکەون. لەنێو خەیاڵ و تابلۆکانیدا دەگەڕێتەوە نێو یادەوەرییەکانی، لەوێوە گۆرانیی و سەماکانی ئێستای نمایش دەکاتەوە. لەوێوە باڵندەی نێو خەونەکانی ئێستای بەرەڵا دەکات و خۆشی بۆ نێو قووڵایی ڕەنگەکان دەفرێت و دوور دوور دەڕوانێت، کۆڵان بە کۆڵانی یادەوەرییەکانی بەسەر دەکاتەوە. لە ژوور بە ژووری کچ و ژنانی وڵاتەکەی دەچێتە ژوورەوە خۆی دەخزێنێتە نێو فرمێسك و خەمەکانیان، تاوێکیش لەنێو بزە و شریخەی پێکەنینەکانیان دەمێنێتەوە. بە وردی لە هەموو شتێك دەڕوانێت. هەر لەوێوە بە دەم فڕینەوە پڕ دەبێت لە خەیاڵ و بیرۆکەی ناسك و جوان. ئیتر دێتەوە بە دەم ئەم خەیاڵ و فڕینانەوە فڵچەکەی ڕادەوەشێنێت و هەر بەم ڕوانینەوە نیگارێکی ڕەنگین و پڕ لە ئیستاتیکای هونەریی لە دایك دەبێت. بەڵێ، وێنەکانی ڕەنگا و ڕەنگن،



ڕەنگەکان هەڵگری دەیەها مەدلوول و بیرۆکە و مانای جیاجیان. ڕەنگەکان خۆیان قسەدەکەن. دەتبەن و ڕاتدەکێشن بۆ نێو خەون و خەیاڵە بەرین و مرۆییەکانی ئەم هونەرمەندە داهێنەر و



مرۆڤدۆستە.

ڕەنگی ڕەش: بۆ زۆر مەبەست بەکاریان دەهێنێت بەڵام بەرچاوترینیان وەك لاواز و سیما خەمناك و کەساس (خودێکی چەوساوەو مەزلوم). یاخیی و تەریك و داماو. لە زۆربەی تابلۆکانیدا سیما و ڕووخساری ئافرەتەکان بە تارمایی و سێبەرێکی کاڵ داپۆشراوە .لەنێو سێبەر و تارماییەکان، میحنەت و ژان و ئازارەکانی ئافرەتان دەبیندرێت. خەونەکانیان گۆرانەکانیان هاوارەکانیان، بوون و یاخیبوونەکانیان هەموو شتێکیان لەوێدا دەبیندرێت. ڕەنگی شین، زیاتر بۆ خەون و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان و یادەوەرییە شیرینەکان بۆ ئومێد و خۆزگە گەشەکان بە کاریان دەهێنێت. ڕەنگی سوور، ئۆرمێرا هەندێکجار خۆی دەداتە دەست نەریتە باوەکان. بە مانای هەندێکجار تەقلیدییانە مامەڵە لەگەڵ فیگەر و ڕەنگەکان دا دەکات. هەر بۆیە ڕەنگی سوور بۆ هێمای شەڕ و ئاژاوە و خوێن بەکاری هێناوە. هەندێکجاریش بۆ مەبەستی گەشبینیی بە کاریان دەهێنێت. وەك: گزنگی ئاسۆ و شەوە سوورەکان و خەیاڵی ڕۆمانسیی و سێکیسیش لە پشتی پەردەکانەوە هەست پێدەکرێت. ڕەنگی سەوز: لە زۆر شوێن بۆ ڕوانین بە کاری دەهێنێت واتە پێشبینییەکان و بیرکردنەوە لە ئایندە. دەتوانم بڵێم ئۆرمێرا زۆر هونەرمەندانە مامەڵە لەگەڵ



ڕەنگەکان دەکات و لە بەرگێکی ئیستاتیکی جوان لەنێو تابلۆکانیان نمایشیان دەکات.

لەنێو تابلۆکانی ئەم هەنەرمەندە فیگەرێکی دیکە زۆر بە زەقی دەبینرێت، ئەویش فیکەری مەمکە، مەمك لەنێو تابلۆکانیدا دەربڕی هەست و سۆز و خەیاڵی سێکسیی نییە، بەڵکە ڕەمزی هێزە. ڕەمزی ڕووبەڕووبونەوە و ڕاوەستانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی نێر هاوارێکە بە دژی زوڵم و ستەم و خەونە پیسەکانی دەسەڵاتی نێر. مەمك لای ئۆرمێرا بە مانای هێز و توانایەکی خوداوەندییانە هێزێك تا ئەوپەڕی سنوورەکان. چونکە ئەو لەوە ڕۆشنە بە دوای کۆمۆنەی سەرەتاوە لەو ڕۆژەوەی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە گشتییەوە گۆڕاوە بۆ تاك و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەستی پێکردووە هەر لەو ڕۆژەوە گلۆڵەی ژیان و بەختی ئافرەتان کەوتۆتە لێژییەوە. بۆیە بەرامبەر دەسەڵاتی نێر دەیەوێت هاوار بکات و بڵێت: من تۆم هێناوەتە بەرهەم و بەم مەمکانەم شیرم پێداویت و گەورەم کردی ئەم هەموو ستەم و بێبەزەییە لە پای چیی؟ دەیەوێت ئەم دەسەڵاتە لە بنەڕەتەوە ڕەت بکاتەوە.

بۆیە ئەم هێزە خوداوەندییەی ئافرەتان پێشان دەدات دەیەوێت پەیامەکەی وەکو هاوارێك ڕابگەیەنێت و بڵێت: هێزی من مرۆڤایەتیی هێناوەتە بەرهەم بەبێ ئەو مەمکانەی من مرۆڤایەتیی مانایەکی نییە. بۆیە لە زۆربەی تابلۆکانیدا لەسەر سنگی ئافرەتەکان مەمکەکانی بە دەرخستوون، لە سەر سنگی ئافرەتەکان هێزێکی خوڵقێنەر و بنیاتنەر دەبینرێت هێزێکی گەورەتر و بەرینتر لە دەسەڵاتی مرۆڤ...! ئەگەر



لێکدانەوەیەکی دەروونیانە بۆ تابلۆکانی ئۆرمێرا بکەین بەو بەرئەنجامە دەگەین کە وا ئۆرمێرای هونەرمەند تا ئەندازەیەکی زۆر هێز و دەسەڵاتی نێر لە باری نەستییەوە کاریگەریی زۆری بە سەرییەوە هەیە. بە لێکدانەوەی فرۆید یانە تا ئاستی فۆبیایی لە دەسەڵاتی نێر تۆقیوە. چونکە ئەم شێوە ترس و تۆقینە لە قووڵایی ناخ و لەنێو ڕەنگ و فیگەرەکانی نێو تابلۆکانی زۆر بە ئاشکرا دەبیندرێت. بۆتە بەشێك لە حاڵەتی نەستیی ئەو. بۆیە ئەم کاردانەوەیە بەم شێوە ئاشکرایە لەنێو تابلۆکانی دەردەکەوێت. ئەم ترس و تۆقینەی لە دەسەڵاتی نێر سەرتاپای بیر و هۆشی داگیر کردووە لەگەڵ سەردەرهێنانی هەر ئیلهامێك و بیرۆکەیەکی تازە ئەم ترس و تۆقینەی ئامادە دەبێت و خۆی دەخزێنێتە نێو خەیاڵەکانی. من وای بۆ دەچم لە سەردەمی منداڵی لە کەشوهەوایەکی زۆر توندوتیژ پەروەردە کرابێت. دەسەڵاتی باوك و برا و مامۆستا ڕەنگە بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژ سەپێندرابێت بە سەریدا. لەگەڵ ئەم بارە دەروونییەی هونەرمەند ئۆرمێرا وەنەبێت مرۆڤێکی ڕەشبین و شەڕانگێز و کەسایەتییەکی سلبی دەرکەوتبێ لەنێو تابلۆکانیدا. بەپێچەوانەوە تا ئەندازەیەکی زۆر مرۆڤێکی گەشبین و خەیاڵ ڕەنگینە. لە زۆرێك لە تابلۆکانیدا خەونە جوانەکانی خۆی نمایش کردووە. ئومێد و خۆزگەکانی هێندە گەش و ڕوونن تا ئاستی مەستبوون و فڕین. هەمیشە بۆ گەیشتن بە ئومێدە جوانەکانی لە فڕین دایە .لەنێو خەونەکانی سەما دەکات، گۆرانی دەڵێت دنیایەکی ڕەنگین و ئاڵوواڵا دەخاتە بەردەم دیدەمان و پڕمان دەکات لە ڕەنگی ناسك و ئومێد بەخش. جلی ڕەنگاوڕەنگمان بە بەردا دەکات.

ئایینده لەنێو خەون و خەیاڵەکانی ئەم هونەرمەندە ئاییندەیەکی گەش و ڕووناکە و لەنێو پێشنییازەکانی دا مرۆڤایەتیی بەرەو سەروەریی و خۆشبەختیی دەڕوات. خاڵێکی دیکە کە زۆر ئیجابییە دەکرێت باسی بکەین، ئەم هونەمەندە تا سەر ئێسقان هونەرمەندێکی ئاشتیخوازە و لایەنگریی لە ئاشتیی دەکات. لەم بارەیەوە بیرکردنەوەکان و ڕوانینەکانی گشتگیرین واتە ڕوانینەکانی ڕوانینێکی گەردوونییە. بێ جیاوازیی لە زمان و نەتەوە و خاك و ڕەنگی پێست و... خوازیاری ژیانێکی ئاسوودە و هێمنییە بۆ سەرتاپای مرۆڤایەتیی. ئەوەتا لە کاتی هێرشەکەی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق دەنگی ناڕەزایەتیی دژ بەم شەڕە لە سەرتاپای دنیا بەرزبوویەوە. لە سەرتاپای دنیا هێزی لایەنگرانی ئاشتیی و ئازادیی ڕژانە سەر شەقامەکان و پێکەوە دروشمی (نا بۆ شەڕ) یان بەرز کردەوە.



نووسەران و هونەرمەندان لەنێویاندا سیمایەکی دیار و بەرچاو بوون. هونەرمەندانی کەنەدیش بەشێك بوون لە شەپۆلی ئەم ناڕەزایەتییە، ئەوەتا لە گەورەترین ماڵپەڕی هونەرمەندانی کەنەدی بەناوی (Artists in Canada) لەم ماڵپەڕەدا پەیجێکی تایبەت بۆ هونەرمەندانی دژ بە شەڕ و هونەرمەندانی لایەنگرانی ئاشتیی و ئازادیی کراوەتەوە بە ناوی ( Art



of war Iraq Gallery) تابلۆکان و موعاناتەکانیان لەوێدا نمایشکراوە. هونەرمەند ئۆرمێرا یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە بە چەند تابلۆیەکی ڕەنگین لە پەیجی هونەریی شەڕ بەشداریی کردووە. لەژێر ئەم تابلۆیەی لەوێدا نووسیویەتی: "شەڕ چ مانایەکی هەیە؟ جیاوازی چییە لەنێوان شەڕ و ئازادیی دا؟ ئایا شەڕ ئازادیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ من نازانم! بەڵام من بە دڵنیاییەوە شتێك دەزانم ئەویش ئەوەیە: شەڕ مردن و وێرانیی و ژان و موعانات لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت!".

ئەمە وتەکانی ئەم هونەرمەندە خەیاڵناسکەیە لەژێر تابلۆکەی نووسیویەتی تابلۆکەشی بە ناوی (Mothers love) واتە خۆشەویستیی دایك. ئەگەر لە ئینتەرنێت بە دوای ناوی ئەم هونەرمەندەدا بگەڕێین دەبینین چەندە چالاك و ئاکتیڤە لە بواری هونەریدا چ لە کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر چ لە بەشداریکردنی لەگەڵ ماڵپەڕە هونەرییە جیاجیاکان دا، لە خوارەوە چەند تابلۆیەکی دیکەی ئۆرمێراتان بۆ دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بن بە دنیای هونەریی ئەم هونەرمەندە داهێنەرە.











## سەرچاوەکان :

بـۆ نووسـین و ئامـادەکردنی ئـەم بابەتـە سـوود لـەو ماڵپەڕانـەی ئینتەرنێت وەرگیراوە:

- Artistis in Canada
- Art of war (Iraq) Gallery
- Art tract،the artists website
- Allinto Artist Porfolio

# هونەر و ڕەنگدانەوەکانی خەون

**لە ئینگلیزییەوە**

سەدەی بیستەم بەهۆی دووشەڕی جیهانییەوە بوو بە دوولەتەوە، هەریەکێکیان کاریگەری خۆی بەسەر تەواوی سیماکانی ژیان بە هونەریشەوە بە جێهێشت. هونەرمەندەکان ئیشەکانیان گۆڕانی بەسەر داهات، باوەڕە تێکشکاوەکانیان بەسەر تەکنەلۆژیا نوێیەکان ڕەنگی دەدایەوە. باوەڕیان بە نەریت نەمابوو، کە ڕێگەی دەدا ئەم شتانە ڕووبدەن، دوای شەڕ وا پێویستی دەکرد دونیا بینا بکرێتەوە.





## ڕۆیشتن بۆ شەڕ

لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٤ -٠ ١٩١٨ ئەورووپا لەنێو جەنگی جیهانیی یەکەم نقووم ببوو. بە ملیۆن مرۆڤ لەنێو کێشمەکێشەکان دابوون لەگەڵ زۆرێک لە هونەرمەندەکانیش، بەشێکی زۆریان لەنێو ئیشەکانیاندا ناخ و ناوەوەی خۆیان دەردەبڕی. زۆرجاران ئەم ئاکامە بەهێواشی تابلۆی سەرنجڕاکێشی شەڕە وێرانکارییەکانی لێدەهاتە بەرهەم. کە چەقیان دەبەست لە دەوری هەستە ترسناکەکانی شەڕ، خەیاڵە تازەکانیش دیووە ڕەش و ئافاتییەکانی شەڕی پیشاندەدا.



## قوربانییەکانی شەڕ

هونەرمەندی شێوەکاریی (ئۆتە دیکس) بە تابلۆکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و شەڕ بەناوبانگ بوو، ئەزموونی ترسەکانی خۆی لە شەڕ وە نائومێدییەکانی لە دوای شەڕەکان دەخستەڕوو. شەڕ لە چوارچێوەی دابوو، جێی هێشت بوو لەگەڵ دووبارەبوونەوەی خەونە ناخۆشەکان، دوای شەڕ پەنجا تابلۆی خۆی بە چاپ گەیاند ناوی لێنان "شەڕ" وێنەکان ڕەش و سپی بوون لەکاتەکانی شەڕ کێشرابوون، وەك نەخشاندنی سەدەی پێشووتر کە لەنێو نیگارەکانی هونەرمەندی ئیسپانیی (فرانسیسکۆ دی گۆیا)، تۆ دەتوانی ئەم وێنەیەی دیکس ببینی کە سوپای ئەڵمان پیشاندەدا. دەموچاویان بە قیناع داپۆشراوە، کە لە ماسکی گاز دەچێت، وادیارن کە بەرەو ڕووی ئێمە دێن، یەکێکیان نارنجۆکێکی بەرزکردۆتەوە، لە شوێنێکی تاریك و چۆڵایی دانیشتوون. بە تەلی درکاویی و داری شکاو و بڕاوە دەورەدراون، کە لە شەڕە وێرانکارییەکان بەجێماون، وێنەیەکی ترسناکە، کاتێك یەکەمجار بە چاپی گەیاند زۆرێك لە ئەڵمانییەکان شۆك بوون ! وایان بیردەکردەوە و دەیانوت: "وا باشترە، دیکس سەربازی ڕزگاربەخش بکێشێت).

جەنگی جیهانیی یەکەم ململانێیەکی خوێناویی بوو، لەگەڵ قوربانییەکی بێشومار، لە سەرووی هەشت ملیۆن کوژراو و بیست ملیۆن بریندار تا کۆتایی پێهاتنەکەی. ماسیدۆنیا لە شەڕەکان، باشووری پێشەوە (مەیدانی جەنگ) بوو، بۆیە لەوێدا شەڕەکان لە هەموو شوێنەکان تاڵتر بوون، "سپێنسێر" وەك کادیرێکی پزیشکیی دەنێردرێتە ئەو شوێنە



لەگەڵ باشترین سوپادا لە ساڵی ١٩١٦دا. چەند ساڵێك دوای ئەوکاتە ئەزموونی خۆی لە نامەیەك دەنووسێتەوەو دەڵێت: "پەیتوون و گەشتبەر هەبوون، پڕ دەکران لە پیاوی بریندار، یەکێك وای هەست دەکرد دیمەنەکان ترسناك و پیس و پڕکێشە بوون، بەڵام من هەستم بە شەرافەتمەندیی دەکرد" سپێنسەر زۆر هێڵکاریی لە مەسەدۆنیا کێشابوو بەڵام هەموو هێڵکارییەکانی بزر کردبوون، ئەم دیمەنانەی هەمووی بە خەیاڵ ڕەسم دەکردەوە، وێنەکە وێنەی ژوورێکی ڕەسمیی بەبیر دەهێنایەنەوە وەك بیرەوەریی شەڕێکی ڕاستەقینە، بەڵام بە بێدەنگی موعاناتی بریندارەکان و ئیشکردن لەسەریان و چارەسەرکردنی پزیشکانە بۆیان هەمووی کێشابوون. وەهەروەها سپێنسەر وێنەی شوێنێکی دیاریکراو و تایبەتمان دەداتێ ناوی " سمۆڵ "ە دەکرێت پیاو یەکێك لەو بریندارانە بێت، دەموچاویان داپۆشراوە و دیمەنەکان سیمایەکی نامۆ و ترسناك پیشاندەدەن. وا پیشاندەدەن لە ڕاستیی ناچن، تێگەیشتنەکان شێواو دیارن ڕەنگەکانیش کاڵ و سادە دەبیندرێن. ئەم وێنەیە ڕەخنەیەکمان پیشان دەدات دەتوانین سپێنسەر بەراوورد بکەین لەگەڵ سیزەین و پیکاسۆدا.

## (بار)ێك لە كۆنە زبڵ

هونەرمەندی دادیی ئەڵمانی (كۆرت سویتێرس) كۆلاژی ئاڵۆزاویی لەو زبڵ و پاشەڕۆكانەی هەموو ڕۆژە دەمایەوە دروست دەكرد. ناوەڕۆكی كۆلاژەكان تەعبیری لە ژیانی خۆی دەكرد. كۆلاژەكانی لە هەر شتێك پێك



دەهێنا، وەك ئەو ڕۆژنامانەی كە دەیخوێندنەوە، بلیتی سەفەرەكانی ئەو شۆیانەی دەیدیتن، بۆ نموونە: لەلای ڕاستی كۆنە بوتڵێكی كۆرك، داری بێكەلك، ئاسن، كاغەز، قوماش، ئەو كارتانەی وێنەی هەڵووژەی لەسەر كێشراوە، بە ئاگادارییەوە لە شێوە و دیمەنێكی ئەبستراكتیی ڕەنگاوڕەنگ ڕێكی دەخستن.

سویتێرس تەكنیكی كۆلاژەكانی ناونابوو "مێرز" ئەم ناوەی لە ئیشێك هاتبوو

ناوێكی ئەڵمانی بوو بە ناوی "كۆمێرز" لەسەر كۆنە ڕۆژنامەیەك دەبیندرا، "مێرز"ی زۆر بە قووڵی وەرگرتبوو. سویتێرس ژووره گەورەكانی پڕكردبوون لە سیدی كۆلاژەكانی. هەوڵی دەدا تەواوی شوێنەوارەكان بكێشێت، ئەو بەو بیناكردنەوەیەی دەوت "مێرز" كاتێك ئەو ئیشی لەسەریان دەكرد برادەرێكی وتی: "هەندێك شتی بچووكی بزر كردوون



وەك كلیلەكان و قەڵەمەكان و دواتر دەیاندۆزینەوە". لەنێو ئیشە تازەكانی بینای تازەی دروست دەكرد.

## لەنێو خەونەكانی تۆدا

لە دوای شەڕ لە پاریس، گرووپێك لە نووسەران و هونەرمەندان بە پێشەوایەتیی "ئەندریۆ بریتۆن" دەستیان بە داهێنانی یان نووسینەوەی خەونە نامۆییەكان كرد لەنێو نووسین و ئیشەكانیاندا، بە دژی ماقولیەت و ژیریی و ڕۆتینیەتی هەمووڕۆژەی جیهان، یاخی دەبوون. بەوەی خەون و خەیاڵەكانی خۆیانیان دەكێشا، هیوای داهێنانی واقیعێكی نوێیان دەخواست، واقیعێكی سوریالیانە، بزووتنەوەكەشیان ناونا "سوریالیزم"

## لە سەرووی ڕاستییەوە

سوریالیستەكان بە خەیاڵی نامۆ و سەیر ناسرابوون. بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نەبوو كە دوور بێت لە ڕاستیی، لە بنەڕەتدا ناوەكەش ئەوە دەگەیەنێت واتە زیاتر لە ڕاستیی " Sur " بە فەڕەنسی بەمانای لە سەروو، واتە لە سەرووی ڕاستییەوە، بریتۆن دەیوت: "بزووتنەوەكە داهێندراوە لە خۆڵەمێشی دادایییەكان". هەروەها گەشەی كردووە بە سوودوەرگرتن لە بەكارهێنانی فیكر لەنێو ئیشەكاندا. بە تایبەت ناماقولیەت و هەستی نەستیی "بێئاگایی" كە داهێندراوە یان ئیلهام وەردەگرین لە دەروونزانیی ڤییەننایی "سیگمۆند فرۆید" ئەو بانگەشەی

ئەمەی کرد و پێشانی داین کە بۆخچەی حەز و هەستەکانمان لە حاڵەتی بێئاگاییدا دەتەقنەوە ئەمەش لەنێو خەونەکاندا دەردەکەون.

سوریالیستەکان باوەڕیان وابوو، هەستی بێئاگایی سەرچاوەیەکە بۆ داهێنان و عەبقەریەت، ڕێگەیان بەخۆیان دەدا کە هەندێك تەکنیکی نائاسایی بەکاربهێنن. هەوڵیان دەدا یەکسەر وێنەکان بکێشن یان وێنەکان بەبێ بیرکردنەوە بکێشن، شتی نامۆیان دادەهێنا، هەندێك لە وێنەکان خەتخەتۆکەی سەیر بوون، کە باوەڕیان وابوو ئەم شێوەو وێنانە لە حاڵەتی بێئاگایی و هەڵەشەیی دێنە بوون، هەروەك نیگارکێشی ئیسپانی "جۆن میرۆ" بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تامەزرۆی ئەوەیە (وێنەی وڕێنەکانی بکێشێت).

## پێکەوەلکانە سەیرەکان

سوریالیستەکان حەزیان لە داهێنانی شتی نوێ و تازە بوو. یان پێکهێنانی شتێکی نوێ لە پێکەوەنانی چەند شتێکی دیکە، وەك بینینی وێنەیەکی خەیاڵی جوان لە (بەرێکەوت دانانی چەترێك، لە تەنیشت مەکینەیەکی دوورمان لە سەرمێزێك) پێیان وابوو ئەم پێکەوەبییە یان ئەم ئاوێتەبوونە، ئەوە حاڵەتێکی بێئاگایی کە شتەکان پێکەوە گرێدەدا و بەیەکەوە وەکو دیمەنێکی تازە دەردەکەون. کە هەندێکجار لە خەونەکانیش دا ڕوودەدەن. زۆرێك لە نەخشە و هەڵکۆڵینە سوریالیییەکان، ئەوانەی پێیان دەوتن "بابەت" لە پێکەوەلکانی شتە نابوتەکان پێکهاتبوون.



## هەوا و ڕووناکی

ڕینی ماگریتی "سوریالیست، هەمیشە شاعیرانە شتەکانی دادەهێنا، خەیاڵەکانی دەشێواند بە کێشانی تابلۆکان لە شتی ئاسایی و لە شوێنی دیاریکراو و چاوەڕێنەکراودا، بۆ نموونە: (The Future of Statues) وێنە یان پەیکەری سەری مرۆڤێکە لە ئاسماندا، داپۆشراو بە نیگاری هەوری سپی، شێوەی ئاسمانەکە پەیکەری سەرەکە وا پێشان دەدا کە خەون دەبینێت یان خەیاڵییە وەك ئەوەی لەنێو هەوادا توابێتەوە. بێگومان ئەم توانەوەیە لەم تابلۆیەدا لە ئاکامدا پارچە پارچە دەبێت و بە ئاسمانەکە بڵاودەبێتەوە. پەیکەری سەرەکە، لە ڕاستیی دا ماسکی مردنی ئیمپراتۆر "نابلیۆن"ە کە دوای مردنی دەموچاوی بەمشێوەیە دەردەکەوێت. لەوانەیە ئەم نەخش و هەڵکۆڵینە بۆ مۆراڵێتیی مرۆڤ بگەڕێتەوە. ناوەڕۆك و فیکرەکەش لە وێنەکەدا ئەوەیە، ڕۆچوون بەنێو خەیاڵ و خەوندا لەگەڵ سەرێکی غەرقبوو بەنێو هەورەکاندا.



## خەونی فۆتۆگرافی



(بەردەوامبوون لەسەر یادەوەرییەکان) ناوی تابلۆیەکی، "سلفادۆر دالی" سوریالیستی ئیسپانییە. ڕووبەرێکی زێڕین پێشاندەدا، کە بە چەند کاتژمێرێکی کووڕبووەوە داپۆشراوە. کاتژمێرەکان بە شێوەی نارێك و شێوەی پارچە گۆشت لەسەر خاك پاڵکەوتوون. سێ لە کاتژمێرەکان تواونەتەوە، لەوکاتەشدا چوارەمینیان بە مێروولە دەورەدراوە و خەریکن دەیخۆن، ئەم شێوە ئیشکردنە میکانیزمێکی قورسە کاتژمێرەکان نەرم و پووکاونەتەوە وا دەردەکەوێت کە ناتوانن چیتر کاتەکان بخوێننەوە، کەندەڵانە دوورەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ کەناری "کەتەلۆنیا" کە دالی لەوێدا گەورە بووە. بێگومان تایتڵی تابلۆکەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی



منداڵێتیی و یادەوەرییەکانی هونەرمەند. مێروولەکانیش فۆبیا و ترس و تۆقینەکانی منداڵێتیی ئەون، ئەو بوونەوەرەی ناوەڕاستیش خوێندنەوەیەکی تەمومژاوی ژیاننامەکەیەتی، برژانگە درێژەکانی سەر چاوە داخستووەکانی وا دەردەکەوێت خەوتووە یان مردووە، بێئاگایە یان کوژاوەتەوە، کاتێکی ترسناکە، خەون وەك خەیاڵ، وایکردووە دیمەنێکی نامۆ دەرکەوێت، بەڵام دالی زۆر ڕیالیستانە وێنەکەی کێشاوە، زیاتر لە وێنەی فۆتۆگرافی دەچێت، بۆ بەڵگەش ئەو بە ئیشەکانی خۆی دەوت: "نیگاری دەستیی لە شێوەی خەونی فۆتۆکرافی) بە ڕەسمکردنی کتوومت نیگاری خەیاڵیی . وە ئەو دەیویست ڕووبەری نێوان خەیاڵ و واقیع لێل بکات... ئەو دەیوت: "دەمەوێت تابلۆکانم نیگەرانیی پەخش بکەن بۆئەوەی، تا بە تەواوی باوەڕ بە جیهانی واقیعیی نەکەن!).

## هونەری بیناکردنەوە

زۆر لە وڵاتەکان پاش وێرانبوونیان بەهۆی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، دەبووایە بینا بکرێنەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك زۆرێك لە هونەرمەندە شێوەکارییەکان، بەشداربوون لە دارِشتنەوە و بیناکردنەوە و نەخشەسازیی و ئەندازیاریدا. هونەری بیناکردنەوە داهێندرا، پاش شۆڕشی ١٩١٧ی ڕوسیا. ئەو هونەرمەندانەی لەم بزووتنەوەیە بەشداربوون، دەیانویست (هونەری ڕژێمی کۆن ڕەت بکەنەوە) دەیانویست شتێك دابهێنن بۆ هەموو خەڵکان و بۆ حکومەتی کۆمۆنیستی تازە، هەوڵیان دەدا شتێکی نوێ دابهێنن.

پشت ببەستن بە ئەبستراکتێکی فۆرمە ئەندازیارییەکان. بە ئومێدی ئەوە بوون بتوانن سەرنجی هەموو کەسێك ڕابکێشن. بۆیە ئەو ناوەیان هەڵبژارد (بیناکردنەوە)کان. هەروەها دەیانویست بینای شتەکان بکەنەوە، وە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە فیکرەکانیان جێبەجێ نەکرا، نەخرایە نێو نەخشەوە. دروشمەکەشیان ئەوەبوو (هونەر بۆ ژیان) زۆریان بۆ حکومەتی کۆمۆنیزم ئیشیان دەکرد وەك: (نەخشەسازیی و پۆستەرات و جلوبەرگ و دارتاشیی و بیناسازیی و چاپ و کتێب،... هتد.) بەڵام پاشئەوەی ستالین دەسەڵاتی گرتە دەست. ستایلەکانیان چیتر بە کار نەهێنرا، سەرکردەی تازە دەیویست هونەر بۆکەسانی ڕاستەقینە بێت بە شێوەیەکی گشتیی بۆ کرێکاران وەك هێزێکی ڕزگاربەخش، ئەم ستایلە بە ڕیالیزمی سوشیالیستیی سۆڤیەت دەناسرایەوە.

"بیناکردنەوەکان" زۆرێك لە هونەرمەندە نیگارکێشە چەپە سەرکەوتووەکانیان کپ و سارد کردەوە.



**تێبینیی:**

- نووسینەکە بە ناوی (ڕەنگدانەوەکانی خەون) بوو، بەڵام هەموو بابەتەکان لەسەر هونەر بوون، بۆیە من تایتڵەکەم گۆڕیوە و کردوومە بە (هونەر و ڕەنگدانەوەکانی خەون)

- نووسینەکە لەوە درێژتر بوو، ئەو بابەتانەی بە گرنگم نەزانیون فەرامۆشم کردوون.

**سەرچاوە :**

The Usborne Introduction To
MODERN ART
Rosie Dickins

## من و خۆم

**لە ئینگلیزییەوە**

پۆرترێتەکانی خودی هونەرمەندان، گەلێك لەمێژە بوونەتە شتێکی باو، لایەنی کەم ٥٠٠ ساڵێك دەبێت بوونەتە ئاوێنەیەکی باش و ئامادە. بەڵام ئێستا پۆرترێتە فۆتۆگرافیکەکان لە ئاستێکی زۆر بەرینتر بڵاوبوونەتەوە، هونەرمەندەکان چیتر لە خەمی ئەوەدا نابن و چیتر بەمەوە خۆیان گیرۆدە ناکەن. هەندێکیان لە جیاتی ئەمە تەکنیکی زۆر نائاساییان هەڵبژاردووە.



## گۆشت و خوێن

مارك کوین "Marc Quin" زۆر پەیکەری دروست کردوون. بە پشتبەستن لەسەر جەستەی خۆی. لەوانەیە باشترینیان ئەو پەیکەرە بێت بە ناوی خود(Self) شێوەی سەری خۆی دروست کردووە لە خوێنی خۆی. وە پێنج مانگی خایاند تاکو توانی بڕی پێویستی خوێن لە جەستەی خۆی دەربهێنێت، تا پەیکەرەکەی پێ ڕەنگ بکات. خوێنەکەی بە بەستوویی لە شتێکدا هەڵگرتبوو، ڕەنگێکی سوورباویی بە دەموچاوە نائاساییەکە بەخشیبوو، مەیلە و نارێك و قێزەوەن دەیڕوانی، سەرەکە بە هەردوو باردا نامۆ و ناسراو دیاربوو، وەك تێڕوانینی "کوین" لەسەر خودی خۆی، کە پێی وابوو (خۆت یان هەر کەسێك، خودی خۆی لە هەموو کەس باشتر دەناسێت)، ئەو وای دەوت، ئەدگارەکان وەك کرێوەیەکی پەرشوبڵاو دەردەکەون. داهێنانی دیمەنێکی پووکاوەی ترسناك، بەڵام دەربڕینێکی هێمنانە و ئارامیی و ئاشتییەك بە سەرەکەوە دیارە. چاوەکان داخراون وەك ئەوەی مرد بێت، وەك مردنێکی تەقلیدییانە، کە لە پشتی ماسکەوە وا هەست پێ بکرێت، کە کەسەکە دەبینێت یان بیردەکاتەوە. ناسکیی پەیکەرەکە ببووە هۆی ئەوەی، لەنێو



MARC QUINN. SELF 1991

"ساردکەرەوەیەك" هەڵی بگرێت. هەروەها دەتوانین ئەو مانایەشی بۆ زیاد بکەین، بە مانەوەی خۆت تەنها ئەوە ببینە کە ژیان چەند ناسکە.

## فۆتۆگرافیك

هونەرمەندی ئەمریکی "چوك کلۆس" بەهرەدار بوو لە پۆرترێتی گەورە و زەبەلاح، وە هەر یەکێکیان، چیرۆك یان سەرگوزشتەیەکیان لە پشتەوە بوو. ستایلێکی مەیلە و فۆتۆگرافیانە بوون وەك (ڕیالیزمی فۆتۆیی). لە ڕاستیدا کلۆس بە پرۆژەی ڕەسمکردنەوەی وێنەی فۆتۆگراف لەسەر پەڕۆی قوماش، بە بەکارهێنانی چوارگۆشە لەسەر وێنەکەدا دەستی پێکرد.

پاشان سەرتاپای دادەپۆشی بە چوارگۆشە، چوارگۆشە بە چوارگۆشە دەستی پێدەکرد، پاشان بۆ تەخت و ڕاستکردنی فلچەی هەوایی بەکاردەهێنا. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ خوێنی مەییو لە ملی دروست دەبێت،



وای لێدەکات زۆر بە قورسی شەلەل بێت و لە پەلوپۆ بکەوێت. ئەوە وای لێکرد پێش بکەوێت بە شێوەیەکی نوێ و بە داهێنانی نوێوە. جیا لە تەکنیکە باوەکان و ڕوون و ئاشکراکان، فلچەکانی لە کاتی بەکارهێنانەدا بە قایشێك لە



باسکی خۆی دەبەستا. ئەم پۆرترێتەی لای چەپە بە فلچە نەخشێندراوە. وەك دەبینین زۆر نزیکە لە ڕاستیی، ئەگەر لە نزیکەوە لێی وردبینەوە و تێکەڵ بە شێوە و ڕەنگەکانی بین. هەر زوو وێنەکە وا دەخوێنینەوە یان وا پێناسەی دەکەین، یەکەم وەك تابلۆیەك ئەنجا وەك پۆرترێتەك. ئەمەش وامان لێدەکات باوەڕ بەوە بهێنین، کە وێنەکان (ڕاستین).

## ناوەوەی خۆت

زۆربەی تابلۆ هونەرییەکانی ژنە هونەرمەند (مونا هاتمۆس) دەربارەی جەستەکانە. هەردووك، جەستەی خۆیی و جەستەی خەڵکانی دیکە. (Corps etranger) فیلمێکی سلایدیە، فیلمەکە سەفەرێکە بەنێو جەستەی خۆیدا. پرۆژەکەش ئەوەیە لە بنی پێیەوە تا تەوقی سەری وێنەی هەموو پارچەکانی جەستەی خۆی کێشاوە. تۆش دەتوانی لە دەرگایەکی تەسکەوە لێی بچیە ژوورەوە. فیلمەکە لەسەر جەستەی خۆیەتی، لە ژووری نەشتەرگەریدا، کامێرای "فایبەر ئۆپتیك"ی بەکارهێناوە، کە وێنەی زۆر بچووکیش دەگرێت، فیلمەکە بە پێشاندانی ڕووی دەرەوەی جەستەی هاتمۆس دەست پێدەکات، زۆر لە نزیکەوە پێشانیان دەدات، هەموو شتە وردەکانیش دەردەکەون. وەکو کونەکانی پێست، دەمارەکانی چاوی.



پاشان کامێراکە خۆی نقووم دەکات بە دیووی ناوەوەی جەستەی، بەنێو گەروویە شێدارەکەی شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو تونێلی ترپەکانی دڵی، گوێت لە لێدانی دڵ و دەنگی هەناسەکانی دەبێت. فیلمەکە شتێکی زۆر نایابە





هەموو شتەکان بە قەبارەی نائاساییین. دەرکەوتنی ئەوشتانەی کە تۆ ناتوانی بیانبینیت. وا دەکات جەستە بە شێوەیەکی نامۆ دیار بێت. لەیەککاتدا بە هەردووك شێوە سەرنجڕاکێش و ناشیرین دیاردەبن. بە جۆرێك لە جۆرەکان لە پۆرتریتی خود دەچن. بەڵام تۆ لەم وێنانە هاتمۆم ناناسیتەوە، (Corps etranger) بە فەرەنسی بە مانای (جەستەی نامۆ) هەندێك کەس وا بیردەکەنەوە، ئەم تایتڵە بۆ جەستەی هاتمۆس دەگەڕێتەوە، بۆیە وایکردووە نەناسراو و نامۆ دەربکەون. بەو ڕێگایەی کە خۆی پێشانی داون. بەڵام بۆ هەندێك دیکە، (جەستەی نامۆ) ڕاستیی و حەقیقەتێکی تیایە بۆ تێڕوانین لە خودەکان، خۆتێهەڵقورتاندنێکی زۆر تایبەتیانەیە، بەدەرخستنی ئەو ڕووبەرانەی کە خەڵکان نایانەوێت هی ئەوان بن.

## دەربڕینی هەستی خۆت

ڤانکوخ هەندێکجار حەزی دەکرد ڕەنگی تۆخ بەکار بهێنێت، زۆرجاران ڕاستەوخۆ لەنێو تیوبەکەوە بۆیەکانی دەڕژاندە سەر تابلۆکە، دەیویست تۆخ و ئەستوور بێت، بە ڕۆشنیش شوێن فلچەکانیشی لەسەر بەجێدەهێشت. چونکە ئەو گیرۆدە و موعاناتی هەبوو بەدەست نەخۆشییەکانی مێشکەوە، لەبەر هەندێك هۆی تایبەتیی گوێی چەپی خۆی دەبڕێت، زۆر کەس وا بیردەکەنەوە کە ڕەنگەکانی زبر و سەرنجڕاکێشن، بێ ئارامی و پەرشوبلاوی فلچەکانی، ئەوەش بەرئەنجامی ئێش و ئازارەکانی دەروونیەتی. بە دیاریکراوی هەندێك شتی دژوار لەسەر تابلۆی (شەوێکی پڕ لە ئەستێرە) کاتێك ئەم تابلۆیەی کێشا لە نەخۆشخانەی دەروونیی بوو لە "سەن ڕیمی" لە فەرەنسا. بەڵام لەگەڵ کۆستە



دەروونییەکان و بارە دژوارەکەی مێشکی، کەچی توانیبووی کۆنترۆڵی توانا و بەهرە هونەرییەکانی خۆی بکات. ئەو ڕەنگ و نەخشاندنەکانی لێزانانە بەکاردەهێنا بۆ دەربڕینی کاریگەریی هەست و سۆزەکانی لە ئاستێکی بەرزدا، لە جیاتی هەوڵی ئەوەبدات



ئەوشتانە وەبەرهەم بهێنێتەوە کە پێشتر بینیبووی، بۆیە ئەمە دەنووسێت: "لە خۆڕا ڕەنگەکانم بەکاردەهێنا بۆئەوەی، بەناچاریی ناخی خۆمی پێ دەربڕم". ئەو ستایلێکی تایبەت بەخۆی بەکاردەهێنا و لەژێر کاریگەرییەکانی هونەری مۆدێرندا بوو، بە تایبەت ئەو تەوژمەی دواتر بە تەعبیرییەکان (Expressionism) دەناسرانەوە.

- تەعبیرییەکان زۆر بە چڕی لەژێر کاریگەریی ئیشەکانی دوو هونەرمەند دا بوون، "ڤانسینت ڤانکوخ و ئیدوارد مەنج"ی نەرویجی . "مەنج" گەلێك تابلۆی دروست کردبوون دەربارەی (نەخۆشییەکان و مردن و تەنیایی) ئەو دەیوت: "من دەمەوێت ئیشەکانم ئەوە پیشان بدەن، کێ لە ژیان هەناسەدەدات، هەستی دەجولێت، عەشق دەکات، ئازار دەبینێت". ئەو دەبوایە ئەوانە بکات، دایك و خوشکی بەگەنجی بە نەخۆشی "سیل" مردن، خۆشی زۆرجاران نەخۆش دەکەوت. (هاوار) یەکێك لە تابلۆیە هەرە تەعبیرییە



بەناوبانگەکانە. بە چەندین شێواز وێنەکەی نەخشاندووە، بەشێوەی ئاچوغی بریقەدار، بە شێوەی زەیتی ڕەش، بە ڕەش و سپی. وەك کەسێك

لێرە بێت. شێوەکە تۆقیو و داهێزراو دیارە، لەسەر پردێك وەستاوە و ڕووبەرەکەش خوڵ دەخواتەوە، ئەمیش وادیارە لەتاو ئازار سەری خۆی گرتووە. ژانە بەسۆیەکانی دەردەبڕێت، بە بێدەنگییەك دەورە دراوە، بەڵام هێشتا لەسەر هاوارکردن هەر بەردەوام دەبێت.

## سەرچاوە:

THE USBORN INTRODUCTION
MODERN ART
Rosie Dickins

## سیاسەت و مۆدێرنیزم

**لە ئینگلیزییەوە**

لە قۆناغی نێوان جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا، مۆدێرنیزم لە گەشەیەکی بەردەوام دا بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. بەڵام ئێستا، لەگەڵ زۆرێك کایە و نێوەندی دیکە تێکەڵاو بووە، هونەرمەندە نیگارکێشە پێشکەوتووەکان چالاکانە لایەنگریان لە شۆڕشە سیاسییەکان کرد، بۆ نموونە: (پاپلۆ پیکاسۆ) لە ساڵی ١٩٤٤ دا چۆتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیست، وەك زۆرێك لە هونەرمەندەکانی دیکە. لەوکاتەدا شۆڕشی ڕوسیا دەرکەوتبوو، ماوەیەك دوای ئەوە دەبووایە وەڵام بە خەونە پێشکەوتووەکانی مۆدێرنیزم بداتەوە. کۆمۆنیزمی





"مارکس" قووڵترین و بوێرانەترین هەوڵدان بوو بۆ داهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و پێکەیاندنی دیموکراسیەت، بەڵام نەك وەك ئەو دیموکراسییە سیاسییەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا هەیە. بەڵکو دیموکراسییەکی ئابووری، بە مانای ژیانێکی یەکسان بۆ هەمووان.

بیری مارکس کاریگەریی هەبوو بەسەر بزووتنەوە سوریالیستەکان و لەژێر ئەم کاریگەرییەدا بەرەوپێشەوە دەچوون، یەکێك لە قسەکانی "سلفادۆر دالی" کە دەیوت: "شۆڕش لە ویژدان دایە". کۆمۆنیزم ڕوانینێکی گشتگیریی و نێونەتەوەیی بە ئازادیی بەخشی، ڕووبەرەکانی ئازادیی فراوانتر ڕەنگڕێژ کرد ،لەژێر دەسەڵاتی "ستالین"دا، بەهەر شێوەیەك بێت ئەم ئازادییە بەرتەسك کرایەوە و یان ڕیشەکێش کرا، مۆدێرنیزم پێی داگرت و خۆی ڕاگرت، بەڵام لە چوارچێوەی فۆرمێك لە قاڵب درا، بۆ مەبەسێك بەکارهێنرا و کۆنترۆڵ کرا، ئەم



فۆڕمە لە ئاستی گشتیی ناویان لێنا (ڕیالیزمی سۆشیالیستیی) مۆدێرنیزم لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سیاسی "هیتلەری" نازی لە ئەڵمانیا، جارێکی دیکە بووژایەوە، جەنگی جیهانیی یەکەم گەشەی مۆدێرنیزمی خستە ژێر پرسیار و دەرگیری سەرسووڕمان و حەپەسانی

کرد، هەروەها ١٠ ساڵ دوای جەنگی جیهانیی دووەم، ئینجا لەوە گەیشتن کە بەرەو نەمان ڕۆیشتوون، جەنگی جیهانیی دووەم زۆر کاریگەرانە ڕۆحی مۆدێرنیزمی وێران کرد، دوای (ئۆسویچ) (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ) داوای ئەوەی کرد، کە هەر هونەرمەندێك مافی ئەوەی هەیە بمێنێتەوە و بژی. هۆلۆكۆستی نازیی خەونەکانی مۆدێرنیزمی بچووك كردەوە تا ئاستی خۆڵەمێش، خەڵکە وشیارەکەی ئەڵمانیا، لەو سەردەمەدا چالاکانە بەشدارییان لە دەستپێکردنەوەی مۆدێرنیزم کرد، لەگەڵ بنەماکانی چەرخی ڕۆشنگەریدا، ئەگەری ئەوە کرا کە ئەم هونەرە ئاستی تواناکانی خەیاڵ باشتر دەکات، دەبێتە زەمانەتێکی کاریگەر بۆ بەخۆدا هاتنەوە، یان پێیان وابوو، کە ئەم فۆرمەی بۆ خوێندنی ئەم هونەرە دانراوە ڕاستەوخۆ دەبێتە شێوە فێرکردنێکی پوخت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە، فێربوون و تێگەیشتن لە هونەر، تەنها خزمەت بە باشتربوونی تواناکانی قوتابییان دەکات، بەڵام ئایا ئاستی وشیاریی خەڵك دەباتە سەر؟ هونەرمەندەکان و مێژوویی هونەر و چاودێریی هۆڵەکان ڕەخنەگرەکان، کەمێك ئەوەیان دەستنیشان کردووە، کێن ئەوانەی هەموو ڕۆژێك سەروکاریان لەگەڵ هونەر دا هەیە؟ ئایا ئەوانەی نموونەیی و جیاوازن؟ باشترن لە کەسانێکی دیکە کە هونەریان نەخوێندووە. ئێمە وەك ئەوەی بینیومانە، چەرخی ڕۆشنگەریی ڕەگەزی مرۆڤی بە شێوەیەکی جوانتر ڕەسم کرد، گەشەو پێشکەوتنی پێبەخشی، وریا و زیندووی کردەوە، وای لێکرد خودی خۆی بناسێت، کە پێیانوابوو ئەمە هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستیی، مەعریفەی ڕاستیش ڕەگەزی مرۆڤ باشتر دەکات. ئەم وێنە لە بیروباوەڕ و



ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە، کە ئەمەش بنچینەی بیرۆکەیەکی گشتییە بۆ مۆدێرنیزم. وە ئامانجەکەش بە دیهاتنی دونیایەکی نوێ بوو.

**سەرچاوە:**

ئینتەرنێت: (ماڵپەڕی Modernism)

## خانوویەکی زەرد

خانووێکی زەرد کتێبێکی ٣٤٠ لاپەڕەیی قەبارە مامناوەندییە، لەلایەن مارتن گەیفۆردەوە نووسراوە. بەرگی پێشەوەی ژوورێکی نووستنی نێو خانووە زەردەکەیە کە یەکێك لە تابلۆ بەناوبانگەکانی "ڤانکوخ"ە،




لەژێر تایتڵی کتێبەکەش نووسراوە: "ڤانکوخ و گۆگان... نۆ هەفتەی پڕ لە کێشە و ئاژاوە". چیرۆکێکە باسی نۆ هەفتە بەیەکەوە ژیانی دوو هونەرمەندی بەناوبانگی نێو دنیای هونەری شێوەکاریی و نێو دنیای ڕەنگ و جوانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، دوو مرۆڤی ڕەبەنیی دڵ لێوان لێو لە شەونمی عەشق. نۆ هەفتەی پڕ لە



کاری هونەریی و پڕ لە گفتوگۆی هونەریی و پڕ لە نهێنیی و لە جیاوازیی و پڕ لە هات و هاوار.

"خانووێکی زەرد" لە شاری "ئارلێس"ە، کەوتۆتە باشووری "فەڕەنسا"، لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ "پول گۆگان" دەگاتە ئارلێس و دەچێتە نێو خانووە زەردەکە. کاتێك دەگات "ڤانکوخ" دەمێکە ژووری نووستن و هەموو شتێکی بۆ ئامادەکردووە. "گۆگان" بەم شێوەیە باسی ژوورەکەی دەکات: "گوڵە بەڕۆژەکان بەچاوە بەنەفسەجییەکانەوە بە باکراوندێکی زەردەوە، لەنێو مەرکانێکی زەرد، لەسەر مێزێکی زەرد بە ئیمزای ڤینسنتەوە، تیشکە زەردەکانی خۆرەتاویش بەنێو پەردە زەردەکەوە دەهاتنە نێو ژوورەکەم و شەپۆلیان دەدا، لە بەیانییە زێڕینیەکانیش هەستم بەبۆنێکی خۆش دەکرد، لاپەڕە ١٤". لەو کاتەدا ڤانکوخ تەمەنی ٣٥ ساڵ و گۆگان ٤٠ ساڵ دەبێت. ڤانکوخ بێئەندازە دڵخۆش و ئاسوودە بوو بە گەیشتنی گۆگان، پێوی برای لە نامەیاکدا بۆی دەنووسێت: "تۆ نازانیت من چەندە دڵخۆشم بەوەی کە کەسێکی دیکە لە گاڵتا دەژی، وە چیتر بە تەنیا نابیت لەنێو خانووەکەتدا و لەم تەنیاییە ڕزگارت دەبێت، زۆر بەختەوەرم بەوەی کە هونەرمەندێکی وەکو گۆگان لەگەڵتدا دەژی، لاپەڕە ١٨٨". پێوی برای ڤانکوخ لەوکاتەدا لە پاریس دەژیا لە گەلەرییەکی تابلۆ فرۆشتن ئیشی دەکرد، گۆگان و ڤانکوخ کە تابلۆکانیان تەواو دەکرد بۆ ئەمیان دەنارد تا بۆیان بفرۆشێت. ئەم کتێبە نەك تەنها نۆ هەفتە بەڵکو باسی تەواوی ژیانی ئەم دوو هونەرمەندەمان بۆ دەکات، بە تایبەت ژیانی ڤانکوخ هەموو شتێکی ژیانیان تەنانەت مەسەلە زۆر

تایبەتییەکانیش. نووسەر لە سەرەتای کتێبەکە پرسیارێك زەق دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە، بۆی گرنگە بزانێت بۆچی ڤانکوخ لە درێژەی سەفەرەکەیدا لەم شارە گیرساوەتەوە و بڕیاریداوە لەم شارە بژی؟ چونکە ئەوکاتە پاریس بێشکە و لانەی (تەوژم و قوتابخانەکان و چالاکییە ئەدەبیی و هونەرییەکان بووە). شاری ئارلێس لە بەرامبەر پاریس تا ئاستێك شارێکی پیس و تۆزاویی و تا ئاستێك دواکەوتووش بووە. ئاخۆ دەبێ لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەیەوە چ دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بینیبێت تا وای لێکردبێت لەم شارەدا لەنگەری گرتبێت ؟! بەڵام نووسەر زیرەکانە



یەکسەر وەڵامەکە ناداتە دەست خوێنەر، وا دەکات خوێنەر لە سیاقی خوێندنەوەی کتێبەکە وەڵامەکەی دەست بکەوێت. بەڵام لە پاڵ ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکەیش بە بیری خوێنەردا دێت کە پەیوەندیی بە وەڵامی پرسیارەکەی نووسەرەوە هەیە ئەویش (بۆچی ڤانکوخ لەنێو هەموو ڕەنگەکاندا هێندە ڕەنگی زەردی بەکارهێناوە و هێندە موعجەب بووە بە ڕەنگی زەرد؟) تا ئەو ئاستەی نەك لەم کتێبەدا، بەڵکە لە شوێنێکی دیکەدا بڵێت: "ڕەنگی زەرد سەرنجی خوداش ڕادەکێشێت!". ئایا چ هەست و سۆزێك یان چ هۆکارێکی دەروونیی لەپشتی ئەمەوە بووە؟ بەڵام کاتێك خوێنەر بە



ئاقاری خوێندنەوەکەیدا ڕۆدەچێت لە ڕێگادا بە وەڵامی هەردوو پرسیارەکە دەگات ئەویش ئەوەیە " ڤانکوخ تا ئاستی فۆبیا لە زستان و سەرما و سۆڵە ترساوە، جەستەیەکی لاوازیی هەبووە بەرگەی سەرما و ڕەهێڵە و بارانی زستانی نەگرتووە هەمیشە دڵی بە هەور و تاریکایی و تەمی زستان توند بووە، هەر بۆیە ژیانی تەمومژاویی ژێر هەورە ڕەشەکانی باکووری خۆشنەویستووە، پەنای بردۆتە بەر باشوور و لەوێدا گیرساوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا حەزی بە شاری گەورە و جەنجاڵ و پڕلە هۆسە و هەرا نەبووە". وە لەلایەکی دیکەوە وەکو هونەرمەندێك لەنێو وەرزەکاندا



عەشقی هاوین و پاییز بووە، عەشقی کێڵگە و دەشتە کاکیی بە کاکییەکان و وەرزی دروێنە بووە، بۆیە زۆربەی تابلۆکانی ڕەنگدانەوەی ئەم سروشتە و ئەم واقیعە دەروونییەی خۆی بووە، هەرچۆنێك بێت ئەم دوو هونەرمەندە بڕیاریان داوە بەیەکەوە بژیێن، ژیانێکی سادە و ساکار، لە خانوویەکی زەردی ڕەنگ خۆرەتاویی، ژیانێکی جوان وەك ناخ و ئومێد و خەونە پەپوولەییەکانیان. لەو سەردەمەدا "گۆگان" یەکێك لە ناسراوترین هونەرمەندی شێوەکاریی پۆست - ئیمپرێسیۆنیزم بووە ناوبانگی نەك هەر لە فەرەنسا و ئەوروپا تەنانەت گەیشتبووە ئەمریکای لاتینیش، تابلۆکانیشی لە بازاڕدا ڕەواجی زۆریان هەبووە، ڤانکوخ لەو سەردەمانە

باری دەروونیی دەمێك ئاسایی و دەمێك دژوار دەبێت، زیاتر کەسێکی دابڕاو و تەنیا بووە، تەنانەت لە یانە و قاوەخانەکانیش هەمیشە بە تەنیا دانیشتووە، دەوروبەرەکەش ڕێزیان نەگرتووە بە چاوی وەك کەسێکی شێت سەیریان کردووە، بە تایبەت گەنجەکان زۆرجاران گاڵتەیان پێ دەکرد و پێی پێدەکەنین بە تایبەت ئەو کاتانەی شەبقەکەی لەسەر دەکرد کە بە قەڵەم ماجیك هەندێکجار خەتخەتۆکەی شین یان زەردی لەسەر دەنەخشاند، هەڵسوکەوتیان بەلاوە سەیر و نامۆ بوو. ڤانکوخ نەك تەنها لەو سەردەمانە بەڵکو دەمێك بووە بە دەست ئەم بارە دەروونەی ناڵاندوویەتی ئەوەتا لە ساڵی ١٨٨٠ باوکی بردوویەتی بۆ نەخۆشخانەی دەروونیی. بەڵام "گۆگان" بە پێچەوانەی "ڤانکوخ کەسێکی مەجلیس خۆش و کەسێکی تێکەڵاو بووە لەگەڵ دۆست و برادەرەکانی، ڤانکوخ مەشروباتی زۆر دەخواردەوە وە زۆریش دەچوو بۆ تیاترۆخانەکان (یانەی



شەوانەی سەما) کان، زۆر جاران لە یانەکان کردوویانەتە دەرەوە، وە لەگەڵ گۆگان یش زۆرجاران بەیەکەوە ڕۆیشتوون بۆ ئەم یانانە، هەندێکجار وێنەی لەشفرۆشەکان و خاوەن یانەکان و برادەرەکانیان هەر لەوێدا دەکێشا،

خواردنەوە و چوونە تیاترۆخانەکان و کات بەسەربردن لەگەڵ لەشفرۆشەکان، ئەو کاریگەرییەی نەبووە بەسەر گۆگان، بە مانای هێندەی



ڤانکوخ خەریکی خواردنەوە و بەدوای لەشفرۆشەکانەوە نەبووە. بەڵام ڤانکوخ بەرامبەر ئەم دوو شتە، کەسێکی تەواو وێران و لاواز و بێ ئەندازە بێ ورە بووە ! زۆرجاران بڕیاری دەدا نەچێتە تیاترۆخانەکان و وێنەی لەشفرۆشەکان نەکێشێت، لە نامەکان ئەو بەڵێنانەی بە پیۆی برای دەدات، بەڵام هیچ کاتێك بڕیارەکانی بۆ نەدەچووە سەر، وە هەمیشەش بەزەیی بە لەشفرۆشەکان دەهاتەوە هیچ کاتێك بە چاوی سووك سەیری نەدەکردن. گۆگان لەم بارەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "جارێکیان لەشفرۆشێك داوای پارە لە ڤانکوخ دەکات، ڤانکوخ یش هەرچی پارە و پوولی پێیە دەیداتێ، دوای کەمێك لە برسان هەست بە ئازاری سکی دەکات".

بەهەرحاڵ ئەم دوو مرۆڤە لە سەرەتاوە زۆر بەختەوەرن لەگەڵ یەکدا، سەرسامن بە ئیشەکانی یەکتری، بە تایبەتیی ڤانکوخ زۆر سەرسامە بە



گۆگان و بە ئیشەکانی و بە کەسایەتیی و بە هەموو شتێکی، گۆگانیش تا ئاستێکی باش سەرسام بوو بە ئیشەکانی ڤانکوخ بە تایبەت بە تابلۆی (گوڵەبەڕۆژە) ئەوەتا ڤانکوخ بۆ پیۆی برای دەنووسێت: "گۆگان ئەورۆژە تابلۆی (گوڵەبەڕۆژە) ی (کلۆد مانێت) دەبینێت ئەوەی منی پێ باشتر دەبێت لاپەڕە ١٤٦". زۆرجاران بەیەکەوە

دەچنە دەرەوە بۆ دەشت و چۆڵەوانییەکان وێنەی خۆرئاوابوون و دیمەنەکان دەکێشن، یان هەندێکجار لە ماڵەکەیانەوە لە پانجەرەکەوە هەرجارەی دیمەنێکی شار و ڕێگا و بانەکانیان داکێشا. یان بڕیاری ئەوە دەدەن لە ماڵەوە خواردن دروست بکەن، هەم بۆئەوەی پارەی کەمتر خەرج بکەن و هەم کاتی زیاتریان هەبێت بۆ بەیەکەوە بوون و کاتی زیاتر بۆ قسە و باس و گفتوگۆی هونەریی. وا بڕیار دەدەن، کە گۆگان خواردن دروست بکات واتە چێشتلێنەر بێت، ڤانکوخ یش بازاڕ بکات و شتەکان بکڕێت)، بەڵام گۆگان دەربارەی بازاڕ و شت کڕینەکەی ڤانکوخ دەڵێت: "هەر دوو سێ دوکان بەتەنیشت ماڵەکەمانەوە زیاتر نەدەڕۆیشت، ژنێکی بەقاڵی تەمەن مامناوەندی هەبوو هەمیشە شتەکانی لەوژنە بەقاڵە دەکڕی، تەنانەت ئەگەر شتەکان خراپیش بووان !). بەڵام وەزعەکان تاسەر بەم شێوەیە نامێننەوە، هەر زوو لەنێو گفتوگۆیە هونەرییەکانیان جیاوازییەکانیان بە دەردەکەوێت، جیاوازیی زۆر ڕیشەیی، لەسەر ڕوانین بۆ هونەر و شێوازی ئیشکردن و ستایل و ڕەنگ و زۆر شتی دیکە، تەنانەت بیروباوەڕی ئایینیشیان، بۆ نموونە: لە تابلۆی (خۆرئاوابوون - Sun set) دا هەردووکیان لەیەك کاتدا تابلۆکە دەکێشن لەنێو ڕەنگ و شێوەی کێشانی تابلۆکەیان جیاوازیی ئایینی یان تێدا بە دەردەکەوێت، کە گۆگان کاپۆلیك و ڤانکۆخ یش پرۆتیستانت، هەردووکیشیان باکراوندێکی ئایینی تۆخیان هەیە، ڤانکوخ لە خێزانێکی ئایینی پەروەردە بووە، گۆگان یش بۆ چەند ساڵێك لە قوتابخانەی ئایینی خوێندوویەتی، نووسینێکیشی هەیە بە ناوی (بیری مۆدێرن و کاپۆلیزم). دەربارەی هونەر و ڕەنگ و شێوازی



کارکردنیش، گۆگان پێی وابوو: "نابێت دیمەنە سروشتییەکان وەکو خۆیان ڕەسم بکەین، پێویستە ئەبستراکانە لە سروشت و هونەر بڕوانین، وەك ئەوەی چۆن لەنێو خەیاڵ و خەونەکانمان هەن". بەڵام ڤانکوخ زیاتر تەرکیزی دەکردە سەر (ڕوانین و بینین)، زیاتر دیمەنەکانی بە شێوەی سروشتیی ڕەسم دەکرد، ڕەنگی زەرد و ڕەنگە ئاچوغەکانی زۆر بەکار دەهێنا، لەم بارەیەوە لەژێر کاریگەرییەکانی هونەریی "یابان"ی دابوو. بەڵام گۆگان ڕەنگی ئاسایی و ڕەنگی شین و مۆر و سوور و ڕەنگە تۆخەکانی زۆر بەکاردەهێنا بۆ نموونە: هەردووکیان بەیەکەوە تابلۆیەك دەکێشن بە ناوی (The Sower) هەر لەم تابلۆیەدا گۆگان ڕەنگی ئاسمانەکەی شینێکی تۆخی مەیلە و وەنەوشەیی دەکات، بالآم ڤانکوخ ڕەنگی ئاسمانەکەی زەرد دەکات !. گۆگان لە نامەکانی بۆ (بەرنارد)ی



هونەرمەند ئەم جیاوازییانەی خۆی باس دەکرد. "گۆگان" زۆر حەزی بە ئاو و دەریا بوو، بەشێکی زۆری ژیانی لەنێو ئاودا بەسەر دەبرد، گەشتی دەریایی زۆر دەکرد. بەڵام ڤانکوخ وانەبوو، ئاو و دەریا ئەم کاریگەرییانە نەبوو لە ژیان و لەنێو هونەری ئەودا ! بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڤانکوخ خاوەن مەعریفە و هۆشیاریەکی لە ڕادەبەدەر بوو، خوێنەرێکی زۆرباش و بەسەلیقە بووە. زۆر

موعجەب بووە بە ڕۆمان و چیرۆکەکانی (ئەمیل زۆلا)، جگە لە زۆلا (دیکنز و جۆرج ئیلیۆت و بە شێوەیەکی گشتیی ئەدەبیاتی زۆر دەخوێندەوە) بە سێ زمان (هۆڵەندی و فەرەنسی و ئینگلیزی) دەیخوێندەوە. وە زۆریش گوێی لە مۆسیقا دەگرت، کاریگەریی مۆسیقای زۆر بەسەرەوە بوو. لەم بارەیەوە دەیوت: "من باوەڕم بە خودا هەیە بەڵام، باوەڕم بە بتهۆڤن و مۆزارت یش هەیە!". لەژێر کاریگەریی مۆسیقادا زۆر لە ڕەنگەکان ڕادەما تا ئاستی ئەوەی دەنگی ڕەنگەکانی دەهاتە گوێ و هەستی پێ دەکرد ! لە هەوڵی نووسینەوەی دەنگی ڕەنگەکان دابوو، "بۆدلێر" ی شاعیریش لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەنگ و ڕەنگ و وشە، لە



پەیوەندیی توندوتۆڵ دان لەگەڵ یەکتری دا، هەمیشە وەڵام بە یەکتری دەدەنەوە". ڤانکوخ لە پەیوەندییەکانی عەشق و خۆشەویستیی دا هەمیشە شکستی هێناوە و لە ژنهێنان یاخی دەبێت و تا دەشمرێت هەر بە ڕەبەنیی دەمینێتەوە! بەڵام گۆگان ژنی هێناوە و چوار منداڵیشی هەیە بەس لەو کاتەدا لە دووری ئەوان و بە تەنیا دەژی، وە باوەڕ و بیرکردنەوەی بەرامبەر (زواج) و ژیانی خێزانیی و هاوسەرێتیی بەم شێوەیە و دەڵێت: "هاوسەرێتیی شتێك نییە جگە لە کردارێکی کاڵایی و کڕین و فرۆشتن! کردارێکی ئەخلاقییە و تەنها بۆ



سێکس و جوتبوونی نێو جێگایە و هیچی دیکە، لەمجۆرە پەیوەندیانە ژوورێك یان جێگایەك نامێنێتەوە بۆ خۆشەویستیی!".

ڤانکوخ یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی پۆرترێتی خۆیی و کەسەکانی دەوروبەری خۆی زۆر کێشاوە، وە ئامانجێکی ئایینیانەی هەبووە لە کێشانی ئەم پۆرترێتانە (بە خەیاڵی خۆی مرۆڤە مەزنەکان و مرۆڤە پیرۆزەکانی لەنێو پۆرترێتەکان دەبینی!) یەکێك لەوانە ڕۆلینی پۆستەچیی کەسێکی زۆر نزیك بووە لە ڤانکوخ ئەمیش پۆرترێتی ڕۆلینی بە چەندین شێوە کێشاوە و پۆرترێتی خێزانەکەیی و هەموو ئەندامانی ئەم خێزانەی کێشاوە.

لە هەفتەی سێیەمی نۆڤەمبەر بەو لاوە وردە وردە کێشە و جیاوازییەکانیان ڕوو لە زیادبوون دەکات، گۆگان لە نامەکانی بۆ "پیو" بێزارییەکانی خۆی دەردەبڕێت لە سەرەتای دیسەمبەر لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت: "کە چیتر ناتوانێت لەگەڵ ڤانکوخ بێ کێشە بژی". وە لە ناوەڕاستی دیسەمبەرەوە نامەیەك بۆ "سکوفێنکێر" ی برادەری دەنووسێت تیایدا دەڵێت: "ناتوانێت زیاتر ئارام بگرێت، لە هەر چرکەیەکدا لەوانەیە ئێرە بە جێبهێڵێت". ڤانکوخ لە کاتەدا باری دەروونیی ئێجگار دژوار و نالەبار دەبێت !، بێئەندازە پەنا بۆ مەشروب و خواردنەوە دەبات، وە هەوڵ دەدات زۆرترین کاتی خۆی بە وێنە کێشان بباتە سەر بۆیە دەبینین لەم چەند مانگەی دوایی ٢٥ تابلۆ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەکێشێت. وە بەشێکیش لەم بارە دەروونییەی کاریگاریی ئەوەیە بەوەی زانیوە کەوا گۆگان دەیەوێت بڕوات و بەجێی بهێڵێت، کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی شەوێك

لە گفتوگۆیەکی نێوانیان ڤانکوخ زۆر تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت بەرداخەکەی بەردەمی بۆ دەهاوێت و تێی دەگرێت ! ئیتر دوای ئەوە هاوڕێیەتیی و پەیوەندییەکانیان بە کارەساتێکی تراژیدیی خەمناك کۆتایی دێت ئەویش وەك ئەوەی گۆگان خۆی باسی دەکات و دەڵێت: "من هەستم دەکرد دەبووایە بە تەنیا بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێك هەوای پاك هاڵمژم، نزیکەی لە شوێنەکەی (ڤیکتۆر هۆگۆ) تێپەڕیبووم وە لە دواوەی خۆم هەستم بە دەنگی پێی کەسێك دەکرد، کە ئاوڕم دایەوە بینیم ڤانکوخ بە دوامەیەوە و گوێزانێکی ڕیشتاشینی بەدەستەوەیە و بەرەو ڕووم دەهات، کە سەیرم کرد، ئەویش لەشوێن خۆی وەستا و پاشان سەری داخست و دوای تاوێك بەپەلە گەڕایەوە ماڵەوە، لاپەڕە ٢٧٥". لە ماڵەوە پارچەیەك لە گوێی چەپی دەبڕێت، پاشان دەڕوات لە یەکێك لە تیاترۆخانەکان پرسیاری (ڕاشێل) دەکات، دەرگەوانەکەش کە بەم شێوە جەستە خوێناوییە دەیبینێت ڕێگەی پێنادات بچێتە ژوورەوە، ڤانکوخ یش پارچە گوێیەکەی لەنێو پەڕۆکێك پێچاوەتەوە دەیدات بە دەرگەوانەکە و پێی دەڵێت: "ئەمە بدە بە". ڕاشێل ئیدی دەڕواتە ماڵەوە و لێی دەکەوێتە خەوێکی قووڵ قووڵ، کاتێك دیارییە خوێناوینەکە دەدەن بە "ڕاشێل" ئەویش یەکسەر لە هۆش خۆی دەچێت ! لێرەدا نووسەر زانیارییەکی ئەوتۆمان ناداتێ دەربارەی پەیوەندیی ڤانکوخ بە "ڕاشێل"ەوە، بۆیە خوێنەر دەکەوێتە نیگەرانیی ئەوەی ئایا ڤانکوخ لەبەر کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان خۆیی و گۆگان ئەم کارەساتەی بەسەر خۆی هێناوە یان لە داخی "ڕاشێل"؟ چونکە لە سەرچاوەی دیکە باسی ئەوە دەکات،



کە وا ڤانکوخ "ڕاشێل"ی خۆشویستووە ئەمیش ڕەتیکردۆتەوە و ڕازی نەبووە، چونکە دوای ڕووداوەکە و ڕۆیشتنی بۆلای "ڕاشێل" بەرئەنجامێکی تەمومژاوی لێ دەکەوێتەوە ! لەگەڵ ئەمانەشدا گۆگان زۆر هەست بە تاوانباری دەکات و پەشیمانیی ئەوە دەردەبڕێت کە دەبووایە بە تەنیا جێی نەهێشتبا، لە ماڵەوە هێمنی کردبایەوە! یان نووسەر تا ڕادەیەك پەنجەی تاوان بۆ گۆگان درێژ دەکات و دەڵێت: "ئەگەر گۆگان بەدوایدا بگەڕابایەوە ماڵەوە ڕەنگە ئەم کارەساتە ڕووی نەدابا". بەڵام پرسیاری خوێنەریش ئەوەیە (ئەی باشە، ئەگەر ئەوکات پاش گەڕانەوەی گۆگان کارەساتێکی دژوارتر ڕووی بدایە... ؟!) دوای ئەوەی ڤانکوخ بە خۆی و گوێزانەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کاتێك گۆگان وەزعەکە تا ئەم ئاستە دژوار دەبینێت هەر ئەوکاتە بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە ماڵەوە، شەو دەچێتە هۆتێلێك، بەیانی کە دەگەڕێتەوە و ئەم هەموو خوێنە دەبینێت، پاش ئەوەی بە ڕووداوەکەش دەزانێت، کە لەوکاتەشدا ڤانکوخ لە نەخۆشخانەیە هەر یەکجاریی بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە ئەم ماڵە. پاشان ڤانکوخ دەگوازرێتەوە بۆ "سان ڕیمی" کە نەخۆشخانەیەکی دەروونییە لە دەرەوەی شاری "ئارلێس"ە، پیۆ بۆ ڕۆژی کریسمس دێتە ئارلێس و سەردانی ڤانکوخ دەکات، ڕۆژەکە هەمووی لەلای دەمێنێتەوەو شەو دەگەڕێتەوە پاریس، گۆگان یش لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، دوای ئەم ڕۆیشتنە جارێکی دیکە لەگەڵ ڤانکوخ یەکتری نابیننەوە، لە چوارشەممە ٢١ی دیسەمبەر، ڕۆلینی پۆستەچیی سەردانی ڤانکوخ دەکات و بەم شێوەیە لە نامەیەکدا بۆ پیۆ باسی ڤانکوخ دەکات: "ببورە، ئەوەت پێ دەڵێم، تەنها

هۆشی لە دەست نەداوە لە ڕووی جەستەییەوە زۆر لاواز و بێهێزە، منی ناسییەوە بەڵام هیچ سیمایەکی خۆشی پێشان نەدام. تەنانەت لە هیچ کام لە ئەندامی خێزانەکەمی پرسیار نەکرد، ئەو کاتەیش کە جێیمهێشت پێموت: "دەتبینمەوە..." ئەویش وتی: " لە بەهەشت یەکتری دەبینینەوە!"... لاپەڕە ٢٨٧". لە جانیوەری ٤ ڤانکوخ لە نەخۆشخانە دێتە دەرەوە لەگەڵ ڕۆلین دەگەڕێنەوە بۆ خانووی زەرد. بۆماوەی چوار سەعات لەوێدا دەمێننەوە، ڤانکوخ لەودەمەدا دوو نامە دەنووسێت یەکێك بۆ پیۆ ئەویتریان بۆ گۆگان، لە نامەکەی گۆگان دەنووسێت: "برادەری خۆشەویست، خۆشحاڵم چانسی ئەوەم پێ بڕا هەر دوای هاتنەدەرەوەم لە نەخۆشخانە، ئەم چەند وشەیەت بۆ بنووسم. وە لە نەخۆشخانەش لە کاتی نالەباری باری تەندروستیم و بێتاقەتیم، هەر بیرم لەتۆ دەکردەوە". لە جانیوەری پێنج دکتۆر "ڕەی" لەگەڵ چەند برادەرێکی سەردانی ڤانکوخ دەکات، بۆ ئەوەی سەیری تابلۆکانی بکەن. هەر لەوکاتەدا ڤانکوخ پلانی ئەوە دادەنێت، کە پۆرترێتێکی دکتۆر "ڕەی" بکێشێت. لە جانیوەری حەوت بە تەواوی چاك دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە خانووی زەرد. پاش سێ هەفتە لەبەر گرفتی بێ پارەیی و نەبوونی خواردن، باری دەروونیی دژوار دەبێتەوە. لە کۆتایی جانیوەری تابلۆی (La Berceuse) کە پۆرترێتێکی خێزانیی ڕۆلینی پۆستەچیی بوو، وە پۆرترێتێکی خۆشی دەکێشێت گوێی بە لەفاف بەستراوەتەوە. لە نامەکانی بۆ پیۆی برای، گلەیی زۆر لە گۆگان دەکات و ئەم ڕۆیشتنەی بە کارێکی هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتیی لە قەڵەم دەدات، لە ڕۆژەکانی کۆتایی جانیوەری



جارێکی دیکە دەکەوێتە نەخۆشخانە، وە تا ئارلیس جێدەهێڵێت هەر لەم نەخۆشخانە دەروونییە دەمێنێتەوە. ئەمجارەیان لەژێر چاودێریی دکتۆرێکی دیکەدا دەبێت کە ناوی (دیلۆی)ە، لە جانیوەری حەوت دکتۆر دیلۆی ڕاپۆرتی خۆی بەم شێوەیە دەدات بە نەخۆشخانە تیایدا دەنووسێت: "کە وا ڤانکوخ لەبەر ئەنجامی مامەڵەی نادروست لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە لەگەڵیدا کراوە، تووشی هالۆسینەیشن بووە کە ئەمەش یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان". هەرگیز کەسەکانی دەوروبەری ڤانکوخ یان خۆش نەویستووە. جگە لە پیۆی برای و بەرناردی برادەری، پیۆ هەمیشە سەرسام بووە بە توانا هونەرییەکانی ڕێزی زۆری لێگرتووە. ڤانکوخ لە یەکی ئایاری ١٨٩٠ خانووی زەرد تەسلیم دەکاتەوە. خۆی لەوکاتەدا لە نەخۆشخانەی "سان ڕیمی"یە و هەر لەوێدا دەمێنێتەوە، وردە وردە باری دەروونیی بەرەو باشی دەچێت و خواردنەوە کەم دەکاتەوە بەڵام زۆر هەست بە تەنیایی دەکات، لە دوازدەی ئایاردا، بە فەرمیی نەخۆشخانەی (سان ڕیمی) جێدەهێڵێت. لەژێر چاودێریی دکتۆر "پۆڵ گەجێت" دەچێتە پاریس، لە حەڤدەی ئایار دەگاتە ئاپارتمانەکەی "پیۆ" بۆ یەکەمین جار"جۆ"ی ژنی پیۆ دەبینێت، دڵیان بە یەکتری خۆش دەبێت. هەروەها کوڕە بچکۆلانەکەی پیۆ کەناوی (ڤینسینت ویلیەم) ە، تەمەنی چەند مانگێکە لە فێبریوەری ئەمساڵ لە دایکبووە. پاش سێ ڕۆژ دەڕواتە (ئۆوڤێرس)، چونکە پاریس شارێکی گەورەیە پڕ لە ژاوەژاو و نائارامییە بۆیە تیایدا نامێنێتەوە. لەم ماوەیەدا زیاتر بەکارە هونەرییەکانی خەریك دەبێت، لە ماوەی دوو مانگدا ٧٦ تابلۆ ڕەسم دەکات ! جاری وابووە لە

ڕۆژێکدا دوو تابلۆی کێشاوە، دکتۆرەکەی ئەمە بەکارێکی ئیجابی دادەنێت، بۆ چارەسەری بارە دەروونییەکەی. لە هەشتی مایس پیۆ و منداڵەکانی سەردانی ڤانکوخ دەکەن، لە سەرەتادا زۆر بەخۆشی کاتەکانیان بەسەر دەبەن، پاشان ژن و منداڵەکەی پیۆ نەخۆش دەکەون، بارێکی ناخۆش و دژواریان بۆ دروست دەبێت. ئەم کارە بە سلبی بەسەر ڤانکوخ و باری دەروونیی دا دەشکێتەوە، ئێوارەی یەکشەممە لە ٢٧ ی تەمموزی لە دەرەوە لە کێڵگەیەك پاش تەواوکردنی تابلۆی (کێڵگەی گەنم) گوللەیەك لە سینگی خۆی دەدات، بە برینداری دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەم بارە دەروونییە و بەم جەستە بەبرین و خوێناوییەوە لەسەر جێگاکەی ڕادەکشێت و تەمەننای مردن دەکات. (ڤانکوخ لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا لە کاتژمێر ١:٣٠ی بەیانی سێشەممەی ٢٩ی تەمموز بۆ هەتاهەتایە لە ئامێزی مەرگەوە چاو لێك دەنێت)

"بەرنارد" ی هونەرمەند بەم شێوەیە باسی مردن و کفنەکەی دەکات: "لەنێو کفنێکی سپی ڕاکشابوو، بە گوڵە بەڕۆژە و گوڵە زەردەکان داپۆشرابوو، چونکە ئەو حەزی لە ڕەنگی زەرد بوو، بەلای ئەوەوە جوانترین ڕەنگ بوو. بۆ ئەو ڕەمزی ڕووناکیی بوو، ئەو لەنێو دڵ و تابلۆکانی هەمیشە خەونی دەبینی...). "گۆگان"یش هەر دەربارەی مردنەکەی دەنووسێت: "لەوانەیە مردنێکی خەمناك بێت، بەڵام من زۆر خەفەتبار نیم، من دەمزانی ئەوە ڕوودەدات، ئەوەشم دەزانی، ئەو مرۆڤە چ موعاناتێك دەبینێت بە دەست شێتی و باری دەروونییەوە، ئەم مردنە



لەوکاتەدا بۆ ئەو خۆشییەکی گەورەیە، کە کۆتایی بە ئازارەکانی دێت و دەگەڕێتەوە نێو ژیانێکی دیکە، ژیانی دروێنە و میوەجات".

ڤانکوخ مرد، بەڵام هونەر و تابلۆکانی بوو بە جوانترین گەوهەری مرۆڤایەتیی، ئەو مرد بەڵام، بە هونەرەکەی ڕەنگەکان و کێڵگەی گوڵەگەنم و ڕەنگی زێڕینی خۆرەتاو و درەوشانەوەی ئەستێرەکانی، لەلای ئێمە جوانتر و خۆشەویستتر کرد... ڕاستە ڤانکوخ تا لە ژیان دا بوو خەڵك نرخیان نەدەزانی و ڕێزیان نەدەگرت و تابلۆکانیان نەدەکڕی بەڵام چونکە هونەرەکەی هونەرێکی گەورە و ڕەسەن بوو وە لە هەمانکات دا هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتیی بوو، هەر بۆیە دوای مردنی ڕۆژبەڕۆژ وەکو کەسایەتییەکی خۆشەویست و تابلۆکانیشی بە بەهاتر دەبوو!. هەر چەند مانگێك پیۆی برای لەژێر کاریگەرییەکانی مردنی ئەمدا، نەخۆش دەکەوێت و ئیشی گەلەرییەکەی بەجێدەهێڵێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە. "پیۆ" ش لە ٢٥ ی جانیوەری (١٨٩١)دا دەمرێت ! واتە تەنها شەش مانگ پاش ڤانکوخ دەژی، " گۆگان"یش لە ساڵی ١٨٩١ دەڕواتە (تاهیتی لە دوورگەی ئەتونۆ) بە مەبەستی دوورکەوتنەوەی لە گرووپی (Marguesas). ئەویش لەوکاتەدا تووشی نەخۆشی قاچ ئێشە بووە، کە ماوەیەکە بە دەستیەوە دەناڵێنێت، لەم یەك دوو ساڵانەدا هەمیشە ڤانکوخی لە یاد بووە (وێنەی کیشاوە و لەنێو یادەوەرییەکانی هەمیشە بەسەری کردۆتەوە و وە هەروەها دوو چیرۆکی لەسەر نووسیوە).

"گۆگان" لە ٨ ی ئایاری ساڵی ١٩٠٣ دەمرێت. واتە نزیکەی سێ ساڵێك دوای ڤانکوخ.

کاتێك ڤانکوخ لە نەخۆشخانە بووە ئەگەری ئەم نەخۆشیانەیان لێکردووە، "هالۆسینەشن واتا: وڕێنەکردن، دڵتەنگیی، سیفلس، شیزۆفرینیا، گەشکەگرتن ...". چونکە هیچ کامێك لە پزیشکە دەروونییەکانی بە تەواوی نەیان توانیوە نەخۆشییەکەی دەست نیشان بکەن، دوای مردنی ڤانکوخ خانووە زەردەکە کراوەتە زۆر شت، دواهەمین جار نیوەی کراوەتە بارِ بەناوی (La Civette Arlesienne) لە ٢٥ی مایسی (١٩٤٤) واتە لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، ئەم خانووە بەر بۆمب دەکەوێت، ژووری خەوتنی ڤانکوخ بەردەکەوێت و دادەڕمێت، بەڵام ستۆدیۆکە و ژوورەکەی گۆگان وەکو خۆی دامێنێتەوە و هیچیان بەسەر نایەت. کتێبی "خانووێکی زەرد" لە ڕووی ئەدەبییەوە چیرۆکێکی زۆر سەرکەوتووە، بە ئەندازەی ڕۆمانێکی زۆر باش لەزەت بە خوێنەر دەبەخشێت، سەلیقە و توانای نووسەری تیا دەبینرێت، بە تایبەت توانای کۆکردنەوەی زانیاریی زۆر وورد و تایبەت و دروست لەسەر ژیانی ئەم دوو هونەرمەندە. بەڵام هێشتا بواری زۆری تیایە کە خوێنەر چەند تێبینییەك و سەرنجێکی ڕەخنەیی لەلا گەڵاڵە ببێت، بۆ نموونە: هەست بەوە دەکرێت نووسەر تا ئەندازەیەك هاوسۆز و لایەنگری ڤانکوخە، لە هەندێك شوێن هەوڵیداوە قسەکانی گۆگان ناڕاست دەربخات یان وشەی "زێدەڕۆیی، موبالەغە" بەکاربهێنێت یان گوناهباریی دەکات بەوەی لەکاتی ڕوودانی کارەساتەکە ئەگەر گۆگان بەدوای ڤانکوخ بگەڕابایەوە ماڵەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کە ڕووداوەکە ڕووی نەدابا، یاخود گرنگیی زۆری بەباری دەروونیی ڤانکوخ داوە بەڵام ئەم گرنگییە بۆ گۆگان لەم



ئاستەدا هەست پێ ناکرێت یان لە سەرەتای کتێبەکە بۆی گرنگە بزانێت داخوا بۆچی ڤانکوخ لەم شارەدا گیرساوەتەوە؟ بەڵام نە هیچ پرسیارێك دەوروروژێنێت، نە بۆی گرنگە بزانێت ئەی گۆگان بۆچی پاریس جێدەهێڵێت و بڕیاری ئەوە دەدات بێت لە ئارلێس ولە باشووردا بژی، یان لەگەڵ ئەوەی بەدوای زانیاری زۆر ورد گەڕاوە بەڵام دەربارەی ئەوەی کە گۆگان ژن و چوار منداڵی هەیە بۆچی لەوکاتەدا بە تەنیا و بەڕەبەنیی دەژی، ئایا بە شێوەیەکی کاتی ژنەکەی جێهێشتووە یان جیابوونەتەوە و یەکتریان تەڵاق داوە، هیچ زانیارییەکمان پێ ناڵێت لەم بارەیەوە یان هەر وەکو لەپێشدا باسم کردووە دەربارەی پەیوەندیی نێوان (ڤانکوخ و ڕاشێل) هیچ شتێکمان پێ ناڵێت... ! بەڵام لەگەڵ ئەم وردە تێبینیی و سەرنجە ڕەخنەییانەش هێشتا دەخوازم بڵێم: "خانووێکی زەرد" چیرۆکێکی زۆر سەرکەوتووە، جگە لەوەی کە چیرۆکێکی ئەدەبییە، بەڵام دەکرێت وەك کتێبێکی(بایۆگراف)یش سەیری بکەین.

**سەرچاوە:-**

The Yellow House
Van Gogh, Gauguin, and
Nine Turbulent Weeks in Arles
By: Martin Gay ford



Art and the Beautiful Figures of Dreams

By: Nala Hassan

٢٠١١

# زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١١)ی

# بەرێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەروازەیەک بۆ تەکنەلۆژیای نانۆ | محەمەد سالح فەرەج دوکانی | زانستیی | ٧٧١ |
| ٢ | سروود و گۆرانیی نیشتیمانیی و بەرەنگاریی کوردی لە کرمانجی خوارووا(١٩٣٥-١٩٩١) | عەبدولواحید ئیدریس شەریف | لێکۆڵینەوە | ٧٧٢ |
| ٣ | سێبەری تلیاک | لوقمان سیوەیلی | لێکۆڵینەوە | ٧٧٣ |
| ٤ | مانشێت لە رۆژنامەوانیی کوردی و کاریگەرییەکانی (حیزبی و ئەهلی) | محەمەد مێرگەسۆری | لێکۆڵینەوە | ٧٧٤ |
| ٥ | کەرەستەی گەندەڵیی | رەسوڵ بۆسکێنی | لێکۆڵینەوە | ٧٧٥ |
| ٦ | پاراستنی دەم و ددان | د. هەڵگورد سالح | تەندروستیی | ٧٧٦ |
| ٧ | وێنەیەکی دەگمەنی فرانز کافکا | و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | چیرۆک | ٧٧٧ |
| ٨ | باڵندەکانی شەو | ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی | چیرۆک | ٧٧٨ |
| ٩ | منارەی ئاوەدانیی | کاروان کاکە سور | چیرۆک | ٧٧٩ |
| ١٠ | درامایەک لە پارکێکدا | و. عەبدوڵڵا قادر (دانساز) | چیرۆک | ٧٩١ |
| ١١ | بیبلۆگرافیای گۆڤاری هەنار | مارف ناسراو | بیبلۆگرافیا | ٧٨١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | چەند نووسینێکی ئەکادیمی کۆمەڵناسیی لەسەر هەوییەی کورد | سیاوەش گۆدەرزی | لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی | ٧٨٢ |
| ١٣ | مێژووی گریان | سەلاح حەسەن پاڵەوان | لێکۆڵینەوە | ٧٨٣ |
| ١٤ | روانین لە دەق | د. تاهیر محەمەد عەلی<br>د. قومری سەعید عەزیز | لێکۆڵینەوە | ٧٨٤ |
| ١٥ | عاشقێك گۆرانی دەڵێت | لەتیف فاتیح فەرەج | شیعر | ٧٨٥ |
| ١٦ | دەروازەکە | و. عەلی حسێنی | شیعر | ٧٨٦ |
| ١٧ | پەیکەرێك لە تۆزی دەباشیر | جەبار جەمال غەریب | رۆمان | ٧٨٧ |
| ١٨ | شلۆمۆکوردە و من و رۆژگار | و. جەلیل کاکەوەیس | رۆمان | ٧٨٨ |
| ١٩ | کێشەی زمانی ستانداردی کوردی | عەلی سدیق | دیدار | ٧٨٩ |
| ٢٠ | گفتوگۆ | و. شۆرش محەمەد | دیدار | ٧٩٠ |
| ٢١ | هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون | ناڵە حەسەن | لێکۆڵینەوە | ٧٨٠ |